# فەرهەنگی زارەکیی موکریان

## بەرگی نۆ «س»

سەلاح پایانیانی

MUKIRYANI

٢٠٢٠

| ٩ | گەڕان بە شوێن ڕەسەنایەتی‌دا
پڕۆژەی سەلاح پایانیانی بۆ میراتی موکری بن‌زاری موکری لە ڕێڕەوی تێکۆشانی فۆلکلۆری کوردی‌دا
د. محەممەد خزری‌ئەقدەم

| ٤٧ | پیتی «س»

| ٧٤٥ | چاوساغی ئەلفبێیی

| ٧٨٩ | چاوساغی بابەتی

# گەڕان بە شوێن ڕەسەنایەتی‌دا

## پڕۆژەی سەلاح پایانیانی بۆ میراتی بنزاری موکری
## لە ڕێڕەوی تێکۆشانی فۆلکلۆری کوردی‌دا

د. محەممەد خزری‌ئەقدەم

## ١. سەرەتا

پێناسەی مرۆڤ وەک بوونەوەرێکی کۆمەڵایەتی[1] و ڕامیاری[2] و قەبڵاندنی لەگوێن گیانلەبەرێکی خاوەن ئاوەز و زمان، ئاماژەیەکی ئاشکرایە بە بوونی مرۆڤ لەنێو و لەپاڵ هاوچەشنەکانی‌دا، کە ئەمەش گوزارشت لە گرێدراویی مرۆڤ بە ئەوانی دیکەوە دەکا. لەو بەستێنە نێوکۆیی‌یەدایە کە بەرەی ئادەمیزاد پۆل دەبن و تێک‌دەئاڵقێن و بازنەی خۆیان بەرفرەوان دەکەن. لە دڵی ئەو بازنەیەش‌دا شێوازێک بۆ بەڕێوەبردنی ژیانیان دادێنن کە لە زانستی ئەمڕۆکەدا لەژێر ناوی کەلتوور[3] پێناسەی بۆ دەکرێ؛ شێوازێک کە تایبەتمەندی‌یەکانی لە دڵی دیالکتیکی دیوی دەرێ و دیوی ژووریی مرۆڤەکان وەردەگرێ، بەجۆرێک کە ئەم شێوازە لە سەرێکەوە بەرهەمی ویست و واتای دەستەی مرۆڤە و لەلایەکی دیکەوە هەڵقوڵاوی دۆخی کۆمەڵگایە؛ بۆیە بەپێی جیاوازیی کات و شوێن، ڕەوڕەوەی ژیان بە باری جۆراوجۆردا پاڵی پێوە دەنرێ و فەرهەنگی جیاواز لە دایک دەبێ. دەگەڵکوو ڕوو و ڕووخساری فەرهەنگ گۆڕا، خواست و ویستی نوێ سەر وەدەر دەنێن و ئامراز و ئالاقی تازە دەبنە دەستاوێزی دەستەبەرکردنی ئەم مەبەستانە.کە ئامانج و ئامراز ئاوێتەی گۆڕان بوون، چەمک و چوارچێوە و پێوانە و پێودانگەکانیش تێکەڵ بە گۆڕانکاری دەبن.

ئەم ڕاستی‌یەش زیاتر لە جاران بۆ دۆخی ئێستا وەڕاست دەگەڕێ؛ کەشێک کە لەودا خێراییی گۆڕان و گوورانەکان بە ڕادەیەکە کە زەینی بێ‌ئەنوای[4] مرۆڤ لەحاند ئەم هەمووە جوداوازی و جۆربەجۆری‌یەی نێو جیهان‌دا هاژ و واژ دادەمێنێ و چیی تر ناتوانێ بە هەوای چەلان لێی خوڕێ؛ چونکە گێژەڵووکەی گۆڕانکاری‌یەکان، ئەوەندە بەگوڕمە کە کەس نیە پەڕۆی سپیی بۆ ڕانەوەشێنێ و پارێزی نەداتێ. لێرەدایە کە ئاسمانەکان دەڕووخێن و دەکەونە

---

1. Social Animal

2. Political Animal

٣. فەرهەنگ وەک هەموو چەمک و تێگە مرۆیی‌یەکان بە چەندین شێوە پێناسە کراوە، کە بەگشتی دەکرێ لەو سێ دەستەدا پۆلێن بکرێن: ١. فەرهەنگ وەک گەشەی ڕۆحی و عەقڵی و جوانی‌ناسانەی تاک و جڤاک ٢. فەرهەنگ وەک چالاکیی هزری و هونەری ٣. فەرهەنگ وەک شێوازی ژیان (چالاکی، بیروباوەڕ و داب و نەریتی کۆمەڵی مرۆیی). هەروەها، پێویستە بزانرێ کە فەرهەنگ لە چەندین ڕوانگەی تیۆریکەوە دەکرێ سەری دەبەر بنرێ و بۆیە شرۆڤەی مژاری فەرهەنگ و دەرهاویشتەکانی لە دەلاقەی ئایدیۆلۆژی‌یەکی تایبەت و پەستاوتنی دەرئەنجامە خوازراوەکان لە مێشکی خوێنەری ئاسایی شتێکی دوور لە پێوەرەکانی ئەخلاق و زانستە. بۆ زانیاریی پتر لەسەر ئەم مژارە بڕوانە:

Smith, Philip (2001). Cultural Theory: An introduction. Oxford: Blackwell.

4. The homeless mind

بەر پێی مرۆڤەکانەوە. کە ئاسمان ڕووخا، گرێپووچکەی ڕەها[١]، ڕەها دەکرێ[٢] و کۆلک و ڕیشەی تاقەداری زانینیش، بە تەوری تازە دەبڕێتەوە و لەجیاتی وی، زرەزانست و کۆلکەمەعریفە فریزووئاسا، لە ڕێگەی ڕایەڵکەی زانیاری و فەندی پێوەندییەکانەوە ڕەگیان دەڕواتە چوار نکاڵی دنیایە.[٣] لە ڕەوشێکی وەهادا کە باس لە شکانی ئۆنتۆلۆژییەکان[٤] و لابرانی تارای ئەفسوون لە ڕووی دنیایە دەکرێ، وشەکان و شتەکان وەکوو جاریجاران بەودم و بەزەبر نامێنن و لە بناگوێی ئەوانda وتار و گوتار و پەڕاو و پەڕتووکێکی زۆر سەر هەڵدەتەکێنن؛ ئیتر هەرکەسەو سازێک دەژەنێ و هەر دەمەو ئاوزێک؛ جیلەکان جار لە جارێ پتر لێک دڕدۆنگ دەبن و لێک دادەبڕێن و کەلێنیان دەکەوێتە بەرێ. فەرهەنگەکان بەرگی پێشوویان لێ دادەماڵرێ و جیهانیش واتای نوێی لێ بار دەکرێ. ئا لەو ساتەدایە کە هەموو جومگەکانی ژیان و یەک لەوان «زمان»ی مرۆڤیش گۆڕانی بەسەردا دێ و دەراوی زار و بازنەی وشە و شێوازی دەربڕینی خەڵکی وەکوو پێشوو نامێنێ؛ وای لێدێ کە ئەوەی دوێکە باب‌وکاڵان پێی دەدوان، ئێستاکە بۆ نەوەی نوێ نامۆ بێ و لەگوێن وشە و وتەی فۆلکلۆر و ئەدەبی زارەکی ئەژماری بۆ بکرێ. دەگەڵکوو زمان گۆڕا، ڕوانینەکانیش دەگۆڕێن. کە ڕوانگەکان گۆڕان و واتای نوێ هاتە ئاراوە، کەلتوور، بە هەر دوو ڕەهەندی دەرهەست[٥] و بەرهەستی[٦] خۆیەوە، جیاواز دەنوێنێ؛ بۆیە جیا لە گۆڕانی مێشکەکان، هەموو کەرەستەکانی ژیانی ڕۆژانەش کاژێ دەخەن و توێخێ فڕێ دەدەن؛ ئیدی هەر لە کەوڵی نانییەوە بگرە تا دەگاتە جل‌وبەرگی بەری دەگۆڕێ؛ ئامێرەکانی ژیانی ڕۆژانە لە سووچێکی ئەنتیکەخانەکانەوە هەڵدەپەسێردرێن و لە ساڵ و لە مانگانیش ڕۆژێک بۆ پۆشاکی نەتەوەیی تەرخان دەکرێ. لەو لاشەوە، گفت‌ولفت و وشە و وتەی دوێنێ لە دوو توێی وشەنامە و فەرهەنگاندا دەنێژرێن.

بەگشتی، پاشەواری پێشینان، باری ئۆنتۆلۆژیکی[٧] پێشووی لێ دادەگیرێ و دەکەوێتە خانەی ئیپیستیمۆلۆژیکەوە[٨] و دەبێتە بەرکاری ئەکادیمیک[٩] و وشەی سەر کاغەزان و

---

1. Absolute

٢. مەبەست دۆخی پۆست مۆدێرنە، لەم بارەوە بڕوانە:

Lyotard, Jean-Francois (1984). The Postmodern Condition: A Report on Knowledge. UK: Manchester University Press

٣. لێرەدا مەبەست دۆخی ڕێزۆماتیکە. بۆ زانیاریی گشتی لەسەر ئەم مژارە بڕوانە:

شایگان، داریوش (١٣٨٠). افسون‌زدگی جدید: هویت چهل تکه و تفکر سیار. ترجمه فاطمه ولیانی. چاپ ششم. تهران: نشر فرزان روز.

٤. لەسەر ئەم مژارە بڕوانە:

Vattimo, Gianni (1988). The end of modernity: Nihilism and Hermeneutics in Postmodern Culture. translated by Jon R. Snyder. Baltimore: Johns Hopkins University.

5. Subjective
6. Objective
7. Ontological
8. Epistemological
9. Academic Object

لەسەر تاقەی ماڵان تۆزی لێ دەنیشێ. لەو دۆخەدایە کە دەرکەوتەکانی ژیانی دوێنێ، بۆ نەوەی ئەمڕۆ دەبێتە جێی پرسیار؛ بۆیە گەڕان بە شوێن ژیانی ڕابردوو دەبێتە پێویستی‌یەک بۆ تێگەیشتن لە دۆخی ئەمڕۆ و لێدانی نوقڵانەی سبەینێ. لەم ڕووەوە، ئەو کەسانەی وا بەر لەوانی تر، دونگەی دارمانی دوێنێ‌یان کردووە و پتر لە خەڵکی ئاسایی هەستیان بە ڕووخانی پردی پێوەندیی ئەمڕۆ و ڕابردوو کردووە، وەخۆ دەکەون و دەکەونە کەندوکۆژان بۆ ئەوەی بزانن داخوا بەرەی دوێنێ و پێرێ چۆن ژیاون و چلۆن دواون. سا بەشێکیان دەپرژێنە سەر زمان و زاری پێشینان و وشە و وتەیان لەنێو فەرهەنگان لێزگە دەکەن و لە ئاستی زانستیش‌دا دەکەونە پەرەکردنیان.

کوردیش وەکوو هەموو گەلانی تری جیهان، لەو بوارەدا وەجاخی کوێر نەبووە و توێژەوان و تۆرەوانی ئەم نەتەوەیە شانیان لەژێر باری ئەم مژارە نەترازاندووە و کەم‌وزۆر خێچەیەکیان داوەتێ. ئەمەش بەتایبەتی لەو کاتەدا برەو دەستێنێ کە هەوری تازەگەری لە ئاسمانی کوردان‌دا تێک‌دەخوڕێن و خاک[1] پێ‌خوست و خود[2] لەهەمبەر ئەوی تردا خۆی پێناسە دەکا و خەڵکی خەم‌خۆری وێژە و دەستەی دڵسۆزی مێژووی ئەم گەلە، هەرکەسە و بە لەونێ لە لەونەکان و لە قۆناخێ لە قۆناخەکان چاکی مەردایەتیی بۆ بە بەردا دەکەن و دەکەونە کاری لێکۆڵینەوەی فۆلکلۆری کوردی. یەک لەو لێکۆلەرە کوردانە سەلاحی پایانیانی‌یە کە وەک تاکێکی دەروەست هاتووەتە دەست و دەستی داوەتە ئەم بوارە و لەو وارەش‌دا چووەتە بەر مەیدانێ و دەست‌کەوتی باشی بۆ لێکۆڵینەوەی کوردی بەرهەم هێناوە؛ بۆیە ئەو کارانەش لە سیلەی جۆراوجۆرەوە هێنراونەتە بەر تیلایی چاوان و هەرکەسە و بەپێی کێشانە و پێوانەی خۆی سەنگ‌وسووکی کردوون. هەر لەسەر ئەم ڕەوتە، لێرەدا لە ڕۆچنەیەکی دیکەوە حەول دەدرێ بۆ ئەوەی سەری ئەم دەست‌کەوتانە هەڵگیرێ، کە ئەویش پێناسەی ئەم بەرهەمانەیە لەگوێن پرۆژەیەک و لەنێو بازنەی لێکۆڵینەوەی کوردی بەگشتی و تێکۆشانی فۆلکلۆریک بەتایبەتی. هۆکاری ئەوەش دەگەڕێتەوە سەر ئەوەی کە ئەم بەرهەمانە وەکوو دەرکەوتەی پرۆژەیەک بۆ میراتی بن‌زاری موکری، دەگەڵ یەکدی لە سەرەتاتکێ‌دان و خەمی سەرەکیی دانەرەکەشی، بەر لە هەموو شتێک پاراستنی جیهانی کوردی بووە؛ جیهانێک کە لە دەرەوەی مێژووش‌دا خەریکە چاوی ڕەشی کاڵ دەبێتەوە و وەکوو بەفری دەم خۆرەتاو وردەوردە دەچێتەوە؛ جیهانێک کە «زمان» وەک یەکێ لە پێکهاتە سەرەکی‌یەکانی، ئەوا گلۆڵەی لە لێژێ‌یە؛ بۆیە ئەم ڕاستی‌یە تاڵە، ڕای‌دەتلەکێنێ و پاراستنی ئەم زمانە لێی دەبێتە دەرمانی گشت دەردانی؛ کەوا بوو لەپێش‌دا دەشێ وەشوێن خەمی سەرەکیی دانەری ئەم پرۆژەیە بکەوین و بزانین پرس و ترسی گەورەی چ بووە و چۆنی بەرەوڕوو بووەتەوە؛ بۆیە بەر لە هەر شتێک دەبێ لە بازنەی لێکۆڵینەوەی

1. Territory
2. Self

فۆلکلۆری کوردیدا ئاوڕی لێدەینەوە، بەڵام باش‌تر وایە کە سەرەتا بۆمان دەرکەوێ ئەم خەمە چۆن و کەنگێ لە ئاستی دنیایەدا بەو جۆرە هاتووەتە گۆڕێ. ئینجا، دەبێ بزانین ئەم مژارە چۆن و بە چ جۆرێک لەنێو کورداندا هاتووەتە ئاراوە و چەند قۆناخی بڕیوە و بە چ شێوازێک دەگڕی ڕاچوون. دوای ئەوەی کە ڕەوت و ڕەچەڵەکی ئەم بابەتە لەکن کوردان لە بناوان کرایەوە، بەسەرسونگە پڕۆژەی پایانیانی شەنوکەو دەکرێ، بەجۆرێک کە سەرەتا پڕۆژەکە دەستەوار و لایەنەکانی دێتە بەر باس. وێڕای ئەوانە، ئاماژە بە کەڵکوکاری ئەم کارە دەدرێ و لە کۆتاییش‌دا، بەخێرایی خەتی داهاتوو و دوورەدیمەنی ئەم پڕۆژەیە دەکێشرێ.

**٢. بەرکوتێکی خەرمانی لێکۆڵینەوەی فۆلکلۆریک**

ئەوەی ئێستا لای ئێمەمانان دەخرێتە ڕیزی فۆلکلۆر و میرات و ئەدەبی زارەکی‌یەوە، لە ڕۆژگاری جاراندا گرێدراوی ژیان و بابەتێکی پێوەندی‌دار بە ئاگاییی گشتیی[1]ی خەڵکی بووە. لێ، دەگەڵ گوزەری زەمەن و گەیشتنی پڕیشکەکانی ئاگری تازەگەری[2]، بەرەو ئەستاندنی پیشەسازی[3] و ڕۆنانی پەرگاڵی دەوڵەت-نەتەوە[4] لە پانتاییی جیهاندا، کەلێن و مەودایەک لەنێوان دوێنێ و ئەمڕۆی ئەو نەتەوانەی وا خێراتر ئەو ڕەوتە دەبڕن دێتە گۆڕێ. ئیدی لێرەدایە کە گەڕان بەشوێن کوچە و کۆڵان و دەربوونەی ماڵەی باپیران و سەرهەڵێنانەوە لە دیوەخان و کۆشک و سەرای میران و تۆمارکردنی ڕاوێژی زار و دەراوی دەمی ڕەشە و سەپان و شوان و گاوان و گزیران دەبێتە کەڵکەڵەی زەین و ئاواتی دڵی تازەبیران، تا بەڵکوو دەراوێکی ڕوون بدۆزنەوە و خاڵێکی هاوبەش بقۆزنەوە بۆ هەژاندنەوە و کەڵتەکردنەوەی ئەمڕۆ و داڕشتنی هێمی داهاتوو.

وەک دەگێڕنەوە، یوهان گوتفرید هێردر[5] (١٧٤٤-١٨٠٣)، فەلسەفەوان و دیرۆک‌زان و یەکێ لە ڕابەرانی بیری نەتەوەییی ئەڵمانی، کە لەوساکەدا دەبینێ نەتەوەکەی ئەوا دەبێتە ئاردی نێو دڕکان و دەکەوێتە بن تاوێرەبەردی ڕۆژگار، دەست دەکا بە پەرەپێدانی بیرۆکەی گەڕان بۆ دۆزینەوەی «ڕۆحی نەتەوە» و ڕەسەنایەتیی لەدەست چوو؛ ڕۆح و ڕەسەنایەتی‌یەک کە ترپەی دڵ و هێز و هەناسەی گەلە.

هێردر کە یەکێ لە داڕێژەران و داژدارانی ئەندیشەی ناسیۆنالیسم-ڕۆمانتیک[6] و بەرهەڵستی هزری کۆسمۆپۆلتیزم[7] و هەموو ئەم بیرۆکە و بۆچوونانەیە کە دەیانەوێ بە ئەنجەتی ئایدیایی

---

1. Collective Consciousness
2. Modernism
3. Industrial
4. Nation State System
5. Johann Gottfried Herder
6. National Romanticism
7. Cosmopolitanism

مرۆڤایەتی[1] و ئاوەزباوەڕی[2] و یاسای گشتگیری زانستی و میراتی ڕۆشنگەری، چاو لە جیاوازی‌یەکان بقوچێنن و سنووری نێوان نەتەوەکان بە نەدیو و نەبوو بقەبڵێنن؛ نەتەوەیەک کە بەرهەمی سروشت و مێژوویە و خاوەنی ڕست و ڕێسای[3] تایبەتی خۆیەتی؛ بۆیەشە بەگوێرەی نەتەوەی جیاواز، یاسای و ڕێسای جۆراوجۆر هەیە (Willson, 1973) و ناکرێ بە یەک جۆر و لە یەک دەلاقە و بە یەک پێوانەوە هەڵڕوانرێتە هەموو نەتەوەکان، تەنانەت مرۆڤایەتیش وەک ئایدیالێک بۆ ئادەمیزاد، تەنیا و تەنیا لە میانەی «نەتەوە» و «نەتەوایەتی»یەوە دێتە دی؛ چونکە تا نەتەوەیەک بە خۆی ڕانەگا و توخمەکانی پێکهێنەری خۆی نەپارێزێ، نە دەشێ و نە دەگونجێ شان وەبەر کەژاوەی ژیاری جیهانی بدا. هەر لەسەر ئەم بنەمایە، هێردری قەڵاداری چەمکی نەتەوە و چاوسووری هزری نەتەوایەتی، وەک پارێزەرێکی سنوور و سەراوەردان دەردەکەوێ و لە نووسین و بۆچوونەکانی‌دا شوورەیەکی پۆلایین بە دەوری تایبەتمەندی‌یەکانی گەلان‌دا دەکێشێ؛ لەم سۆنگەیەشە کە ئامبازی ئایدیای ئیمپریالیسم[4] لە هەردوو مانای کەون و نوێی‌دا دەبێتەوە، کە بەشوێن سنووربەزاندن و شوناس‌سڕینەوەدا دەگەڕێ؛ لەو ڕووەوە لای وایە کە نابێ ئەڵمانی‌یەکان خۆ لەم جۆرە سیاسەتانە هەڵقوتێنن و بەڵکوو بەپێچەوانە، دەبێ ببنە نۆبەداری ناسێنە[5] و ناوەرۆکی نەتەوەکانی تر (Berlin, 1980, P. 161).

دواجار، لەژێر تیشکی تێگەی ناسیۆنال-ڕۆمانتیسم و لەژێر سایەکی ئایدیای بووژاندنەوەی نەتەوە لە ڕێگەی گەڕاندنەوە و گێڕانەوەی ڕۆح بۆ نێو جەستەدایە، کە لە گۆشەنیگای ڕۆمانتیکەوە سەر دە سوێی فەرهەنگ دەنرێ و لە سەدەی هەژدەدا ئەو گریمانەیە دێتە گۆڕێ کە دێهات و دەواری ئەڵمانێ جێڕاوگە و مەکۆگەی ڕەسەنترین ڕۆحەکانن و نزیکترین شوێنگەشن لە سروشت؛ بۆیە دوای ئەوە پسپۆڕان و پەیجۆران وەک مەکوکە دەکەونە هاتوچووی ماڵە بۆرەپیاو و ڕەشایی و گەلەوان و دروێنەوان و وەرزیاران بۆ دۆزینەوەی گەنجینەکانی فەرهەنگی خەڵکی[6]؛ فەرهەنگێکی ون بوو و تۆزلێنیشتوو، کە میراتی باوانی وڵاتی کەونە ئەڵمانیی لەژێردایە (oring, 1986). لەسەر ئەم گریمانەیە، برایانی گریم[7]، یاکوب[8] و ویلهێلم[9] سەرەتایەک دادەنێن بۆ گردوکۆی چیرۆک و حیکایەتان تا بەڵکوو ببێتە هێمی هەڵچنینی دیواری ناسیۆنالیسمی ئەڵمانێ. لەو پێناوەدا، جووتەی ئەکادیمیسی‌یەنان دەست

1. Humanism
2. Rationalism
3. Law
4. Imperialism
5. Identity
6. Folk Culture
7. The Brother Grimm
8. Jacob Ludwig Carl Grimm
9. Wilhelm Grimm

دەکەن بە نووسینەوە و تۆمـارکردنی چیرۆکـان و بـە دەق کردنیـان لـە دوو تـوێی کتێـبدا. پـاش قەدەرێکی، بیرۆکەی گردوکۆی میراتی زارەکی لە وڵاتانی دیکەش‌دا بڵاو دەبێتەوە. بۆ وێنـە، لـە بەریتانیایە ئەنتیکەناسێک بە ناوی ویلیام جان تامس[1] (۱۸۰۳-۱۸۸۵) دەکەوێتە ژێر کاریگەریی برایانی گریم و خەریکی خڕکردنەوەی ئەم بابەتانە دەبێ و بـۆ یەکەم جـار وشـەی فۆلکلـۆر لـە سـاڵی ۱۸٤٦ دێنێتـە سـەر زار و زمانـان (Sims&Stephens, 2011). جیـا لـە بەریتانیایـە، لـە نێـو فینلەندیی‌یەکانیش‌دا[2] جولییەس کرۆن[3] (۱۸۳۵-۱۸۸۸) و کارل کـرۆن[4] (۱۸٦٦-۱۹۳۳) مێتـۆدی مێژوویی-جیـۆگرافی بـۆ دۆزینـەوەی ڕەگ و ڕەگەماشـی حەماسـە نەتەوەیـی‌یەکـانی فینلەنـدێ دادێنن و بـۆ یەکەم‌جـار لـە سـاڵی ۱۸۸۹ و لـە کـۆنگرەی فۆلکلـۆر لـە پاریسـێ‌دا دەیخەنـە بەر سەرنجان. هەروەها، نابێ ئەوە لەبیـر بکەیـن کـە فۆلکلـۆر و لـێ‌کـۆڵینەوەی فۆلکلـۆری جیـا لـە ڕەهەنـدی زانسـتی، ڕۆڵێکـی گرینگـی بـووە لـە هەڵکێشـانی بـاڵای نەتەوە و ناسیۆنالیسـمی ئەورووپی‌دا (Hopkin&Baycroft,2012).

جگە لە پەرەسەندنی ئەو مژارە لـە ئەورووپـا، لـە ئەمریکـایەش خەڵکانێـک دەپڕژێنـە سـەر ئەم بوارە و دەکەونە شوێن بەدەق‌کردن و نووسینەوەی داستان، حیکایەت، ئەفسانە، قسـەی نەسـتەق و هتد. لەو پێناوەدا، ئەنجومەنی فۆلکلـۆری ئەمریکـا و هەروەهـا گۆڤـاری فۆلکلـۆری ئەمریکـا دادەمەزرێ. ئینجا، توێژەران و زانست‌کارانی ئەمریکـی دەسـت دەکەن بـە دانـانی پەڕتـووک و بنیـاتنـانی قوتاب‌خانـە و پەروەردەکردنـی نەوەیەکـی نـوێ بـۆ تۆمـارکردن و بـە دەق‌کـردن و نووسینەوەی میراتی فۆلکلۆر و ئەدەبی زارەکی. ئەو ڕەوەتە، واتە ڕەوتـی ئەژمـارکردنی فۆلکلـۆر و میراتی زارەکی لە خانەی ژانری ئەدەبی‌دا، هەتا ۱۹٦۰ درێژەی دەبێ و فۆلکلـۆر تەنیـا وەکـوو بەرهەمێکی ئەدەبی سەیری دەکرێ و تۆمارکردن و نووسینەوەشی دەبێتە تاقە ئەرکـی تـوێژەران. لە کلکەی شەستەکانی سەدەی بیستەم‌دایە کە دەستەیەک لە تـوێژەرانی ئەم بـوارە، تێـزی نـوێی خۆیان دەخەنە ڕوو و قوتاب‌خانەیەکی تازە بۆ ئەم مـژارە ڕۆ دەنـێن، کـە لـە ڕوانـگەی ئەوانەوە، فۆلکلۆر و میراتی زارەکی ناشێ تەنیا و تەنیا لەگوێن دەقێکی نەنووسراوی ئەدەبی ڕەمەکـی بێتـە ئەژمار، بەڵکـوو دەشـێ فۆلکلـۆر وەکـوو ڕەوتـار و هەڵـس‌وکەوت و کـرداری ژیـانی ڕۆژانەی خەڵک ببینـرێ. بـە واتـایەکی تـر، فۆلکلـۆر و میراتـی زارەکـی بەرلەوەی بـابەتێکی هـونەری و وێژەیی نەنووسراو بێ، مژارێکە وا لە پێوەندیی ڕاسـتەوخۆی ژیـان‌دایـە و کردارێکـە وا بەردەوام بەشێک بووە لە ژیان و دەبێ لەم ڕوانگەیەوە بخرێتە بەر ڕوانین، نەک ئەوەی لەگوێن ژانرێکـی ئەدەبی و هونەری حیسابی بۆ بکرێ. بەپێی ئەم بۆچوونە، ئەوەی وا بـۆ ئێمـە لـە میراتـی باوانـان

1. William John Thoms
2. Finns
3. Julius Krohn
4. Kaarle Krohn

جێ ماوە، تەنیا بەرهەمێکی ئەدەبی نیە کە تەنیا قازانجەکەی ئەوە بێ کۆ کرێنەوە و بنووسرێنەوە، بەڵکوو ئەو شتانە بەشێ بوون لە واقیعیەت و ڕاستی‌یەکانی ژیانی ئەوسا، کە بکەرانی ئەم شتانەش قەت بەهەویای ئەوەوە نەبوون تا بەرهەمێکی ئەدەبیی پێ بخوڵقێنن. لەوانەش بترازێ، دەبێ بڵێین کە مژاری لێکۆڵینەوە لە میراتی زارەکی هەنووکە لە زانکۆ و توێژینگەی جۆراوجۆردا و بە ڕوانین و نەرینی جیاوازی زانستی‌یەوە کاری لەسەر دەکرێ و بە هەزاران کەس سەرقاڵی ئەم بوارەن و چەندین لق‌وپۆپی لێ بووەتەوە، کە یەک لەوان لێکۆڵینەوەیە لەسەر فۆلکلۆری گەلانی تر و کەڵکەڵەی ناسینی نەتەوەکانی دیکەش، لە سۆنگەی دوو بابەتی سەرەکی‌یەوە دێ. ئەوانیش یەکیان دەکرێ بە «گەڕانی زانست‌خوازانە» ناودێر بکرێ و سەرەداوەکانیشی بگەڕێتەوە بۆ ئەوکاتەی وا ئایدیای ناسیۆنال-ڕۆمانتیسم بیر و هۆشیان دادەگرێ و لەپێناوی‌دا، گەڕان بە دووای میراتی فۆلکلۆری ڕابردووان دەبێتە پێداویستی‌یەکی سەرەکیی ژیانەوەی نەتەوەکانیان. لێرەدایە کە ئەوان بۆ باش‌تر ناسینی خۆیان دەکەونە کەفت‌ولەفتی کۆڵینەوە لە برا و خوشکی دوورەوڵاتیان، یا بەواتایەکی تر لە داب‌ونەریت و میراتی ڕابردووی ئەو گەلانە دەکۆڵنەوە کە زمانیان زەمانێکی لقی دارێکی بووە. جیا لەوە، دەبێ بڵێین پەیجۆری و شۆپاژۆییی ئەوان هەمیشە لەبۆ زانین و دۆزینەوەی خودی تاکی[١] و جڤاکی[٢] نەبووە، بەڵکوو زۆر کەڕەتان و دوابەدوای چاندنی تۆوی زێدەخوازی و پانگەریی ئایدیای ئیمپراتۆری[٣]، خۆی لە کۆلۆنی‌کردنی[٤] خاک و خەڵکی نەتەوەکانی دیکەدا دیوەتەوە. لەو پێوەندی‌یەدا، ئەورووپایی‌یەکان بۆ کەوی و کەڵەمەکردنی گەلانی ڕۆژهەڵاتی دەکەونە فاک‌وفیکی «گەڕانی زێدەخوازانە» و بۆ ئەمەش، کەسانێک لە کراسی گەڕۆڵ و بازرگان و مۆژدەگاران‌دا[٥] بەڕێ‌دەکەنە ئەو وڵاتانەی وا مرخیان لێ خۆش کردوون. دوای ماوەیەکی، ئەم مژارە دەکەوێتە بواری ئەکادیمیکەوە و لە زانستگەکان دەبێتە بابەتێکی گرینگی توێژنەوەیی بە ناوی «لێکۆڵینەوە ڕۆژهەڵاتی‌یەکان»[٦] و ڕاستەوخۆ دەکەوێتە خزمەتی خواست و ویستی دەسەڵاتی ڕۆژاوایی.[٧]

1. Individual Self
2. Social Self
3. Empire
4. Colonization

٥. بۆ سووکەئاوڕێک لەسەر مۆژدەگاری لە کوردستان، بڕوانە:
مەرعی، فرسەت (٢٠١٤). مێژووی مۆژدەدانی مەسیحی لە کوردستان. وەرگێڕانی جەعفەر گوانی. هەولێر: نووسینگەی تەفسیر.

6. Oriental Studies

٧. لەم بارەوە، ئێدوارد سەعید بەباشی لێفەی لەسەر ئەم پڕۆژەیە هەڵداوەتەوە و یەکێ لە کتێبە بەنرخەکانی خۆی بە ناوی «ڕۆژهەڵاتناسی» تەرخانی ئەم باسە کردووە. بۆ خوێندنەوەی ئەم کارە بە زمانی کوردی، بڕوانە:
سەعید، ئێدوارد (٢٠١٨). ڕۆژهەڵاتناسی. وەرگێڕانی موحسین ئەحمەد عومەر. هەولێر: ماڵی وەفایی.

### ٣. گورگاوڕێک لە تێکۆشانی فۆلکلۆری کوردی

جیا لە لێکۆڵینەوەی فۆلکلۆر و ئەدەبی زارەکی لە بەرداشی کوردناسیی ڕۆژهەڵاتناسانەدا[١]، دەکرێ ئاماژە بەم مژارە لە بەرداش و پێودانگێکی تردا بکرێ، بە ناوی خۆناسیی کوردانە، کە ئەم توێژینەوانە لە دەرەوەی دەسەڵاتی ڕۆژهەڵاتناسان و کۆلۆنیالیستەکان و دەستوپێوەندەکانیان جێگە دەگرن. لێرەدا، دەستەی دەستەبژێر و دڵسۆزی کورد، واتە ئەوانەی وا بەر لە خەڵکی ئاسایی نێو کۆمەڵی کوردەواری سۆسەی دابڕانی دوێنێ و ئەمڕۆیان کردووە و ویستوویانە داکۆکی لە شوناس و ناسنامەی خۆیان بکەن، لەسەر خۆیانیان زانیوە لانیکەم لە ڕێگەی بە دەقکردن و تۆمارکردنی فۆلکلۆری کوردی بەشێ لە میراتی باوانیان کە سەردەمانێک بەشێک بووە لە ژیانی ڕۆژانە و بەردەوام لە دیوەخانی ماڵە میران و لە کووچە و کۆڵانان و لەنێو شایی و شین و قاوەخانە و چەقەخانانەدا و لەلایەن خۆشخوان و بەیتبێژ و حەیرانبێژ و گۆرانیبێژ و نەقاڵانەوە گوتراونەتەوە، بڕ دەن و بیاننووسنەوە و بیکەنە بناغەیەکی پتوون بۆ داهاتوو. لێرەدایە کە هێندێکیان کەوتوونەتە کۆکردنەوە و نووسینەوەی دەقی زارەکی و هێندێکی تریشیان بەوەندە نەساچاون و ئەم دەقانەیان بە شێوازێکی داهێنەرانە بەرهەم هێناوەتەوە. لەم بوارەدا، فەقێ تەیران (١٥٦١-١٦٤٤) بە کەڵکوەرگرتن لە ئەفسانە و داستانی زارەکیی، بەرهەمی وەک «قەولی ئەسپی ڕەش»، «شێخی سەنعان» و «گۆڵبەهار» دەئافرێنێ (مستەفا ڕەسووڵ، ١٩٨٠). جگە لەوە، ئەحمەدێ خانی (١٦٥٠-١٧٠٧) وەک ڕوونبیر و پڕبیرێکی سەردەمی خۆی، دەست دەداتە چیرۆکێکی فۆلکلۆری بە ناوی «مەمێ ئالان» و لە حاڵەتی زارەکی دەریدێنێ و بەرگی هەڵبەستی دەبەر دەکا و شاکاری «مەم و زین»ی

---

١. دوای ماوەیەکی کە شەتڵی ڕۆژهەڵاتناسی گەورە دەبێ و چرۆ دەکا، لقوپۆپی لێ دەبێتەوە و هەر لکەی بۆ بەشێک لە جوگرافییای جیهان تەرخان دەکرێ و خەڵکی جۆراوجۆر دادەمەزرێن و تەنانەت لەنێو ئەو گەل و نەتەوانەی وا بەرکاری لێکۆڵینەوەکانن خەڵکانێکی بۆ بەکرێ دەگیرێ و تێکرا دەخرێنە خزمەتی ڕۆژهەڵاتناسییەوە، کە لەو بارەدا نەتەوەی کوردیش لەو یاسا و لەو ڕاستییە بەدەر نەبووە و ئەوانیش بوونەتە بەرکاری لێکۆڵینەوەی ڕۆژهەڵاتناسان و ڕەهەندە جۆراوجۆرەکانی ژیانیان کەوتووەتە بەر تێغی توێژینەوەی ئەوان و ئێستاکەش ئەم مژارە لە ئارادایە. لێرەدا، وێڕای ڕەهەندەکانی دیکە ژیانی کوردان، لێکۆڵینەوە لەسەر میراتی زارەکییان کەوتووەتە بەر باس و زمانیش وەک کلیلی سەرەکی و یەکێ لە کۆڵەکەکانی شوناس و پێناسی نەتەوەیی کورد لەو لێکۆڵینەوانەدا پشکی شێری پێ بڕاوە، بەجۆرێک کە ئەگەر نیگایەکی سەرپێیی ئەو سەردێڕانە بکرێ کە لەم بارەرە نووسراون، دەردەکەوێ مژاری زمان زیاتر لە هەموو بوارەکانی دیکەی ژیانی کوردان قورساییی خراوەتە سەرێ؛ بۆیە لێکۆڵینەوە لەسەر ئەدەبی نەنووسراوی کوردی، یا ئەدەبی زارەکی وەک بەشێک لە مژاری ڕۆژهەڵاتناسی ئاوڕی وێ دراوەتەوە، جا ئەو ئاوڕە جاری وا بووە تاکێکی ئەورووپی هاتووە و گەڕاوە و دواجار، دەستکەوتەکانی بە کۆڵ داداوە و دەگەڵ خۆی بردوویەتەوە وڵاتی خۆی و لە مستی بەرپرسان و سیاسەتکارانی ناوە، جاری واش بووە کە ئەم مژارە دەرگای توێژینگە و زانستگەی لێ کراوەتەوە و تەنانەت خەڵکانی کوردی بۆ بەکرێ گیراوە هەتا زانیاریی دڵخوازیانی لێ وەرگرن. لەو پێوەندییەدا دەکرێ ئاماژە بکرێ بە کاری کەسانێکی وەکوو ژابا، لیرخ، ماکاش، مان، هادنگ، نیکیتین، لیسکۆت و مەکەنزی و هتد. بڕوانە:

Bois, Thomas (1996). The Kurds. Translated by M.W.M. W eland. Beirut. Khayats.p.113.

ئەوەش تەنیا ناوی چەند پێشەنگی ئەم بوارەیە، دەنا ئەو ژمارەیە و ئەو دەموچاوانە بەردەوام لە زیادبووندان و هەنووکەش لەژێر ناوی بابەتی لێکۆڵینەوەی کوردیدا بە شێواز و مەبەستی جۆراوجۆر کار لەسەر ئەم ڕەهەندە لە ژیانی کوردان دەکرێ.

پێ دەخولقێنێ. لە سەردەمی سەروەریی «بابان» لە شاری سلێمانی و لەو کاتەی وا «عەبدولڕەحمان پاشا» لە ساڵی ١٧٨٩ سەرەپەتی میرایەتی دەکەوێتە دەستی و لەسەر تەختی مەزنایەتی پاڵ دەداتەوە، لەلایەک بناخەی سەربەخۆیی بابان لە حوکمی ئێران و عوسمانی دادەڕێژرێ و لەلایەکی دیکەشەوە بۆ بەڵگەوبن‌کردنی تەختی خونکاریی «ئەمانوڵڵا خانی ئەردەڵان»ی سنەی، دەست بە پەرەپێدانی کوردیی نێوەڕاست دەکرێ. لەو بەستێنەدایە کە بە شێوازێکی تر هەوڵی پاراستنی میراتی زارەکی دەدرێ کە ئەویش وەرگێڕانی نێوزمانی و داڕشتنەوەی بەیتەکانە بە زاری سۆرانی لەلایەن ئەدیبانی بارگای بابان، کە لەو بارەوە جویس بلوو (2010,p.9) دەڵێ:

«یەکەم کارێک کە ئەم هەڵبەستوان و وێژەوانانە کردیان، وەرگێڕانی بەرهەمە زارەکی‌یە گرینگەکان بووە لە کرمانجی‌یەوە بۆ سۆرانی و لەو پێناوەدا عەلی بەردەشانی[١] خۆی بۆ ئەم کارە تەرخان دەکا. [وێڕای ئەوە] بەردەشانی کە نازناوی شاعیری دەرباری بابانی پێ بەخشرابوو، دەست بە هۆنینەوەی هەڵبەستان دەکا بەجۆرێک کە شێعرەکانی بەجوانی دەگەڵ کێش و پاشەڵ و ئاهەنگی موسیقا و هەڵپەڕکێی کوردی هاوجووت دەبن و دەبنە هەوێنی بەستە و گۆرانی‌یان».

لە بنەبانی سەدەی ١٨ و سەرەتاکانی سەدەی ١٩دا، ڕۆژاوایی‌یەکان بەرەوڕوویی زمان و چاندی کوردی دەبنەوە و ژیانی کەلتووری و جڤاکی کوردان دێتە بەر ڕوانگەیان. لەو سەروبەندەدا، واتە لە ساڵی ١٨٥٦، ئەلێکساندەر ژابا[٢] بۆ دوویەم جار دەبێتە کۆنسوولی عورووسێ[٣] لە ئەرزەڕۆمێ[٤] و لەلایەن کەسێک بە ناوی بوریس ئاندرویک[5]ی بەرپرس و بەڕێوەبەری ئەنتیکەخانەی ئاسیایی ئەکادیمیای ئیمپراتۆرییای ڕووسیا[٦]، ڕادەسپێردرێ نوسخە و دەقە کوردی‌یەکانی بۆ بنێرێ. لەو دەمەش‌دا، مەلا مەحموودێ بایەزیدی (١٧٩٧-١٨٥٩) پاش لە گرێژەنەچوونی دەرک و دیوانی بەدرخانەکان، سەری خۆی هەڵدەگرێ و ڕوو لە شاری ئەرزەڕۆمێ دەکا و لەوێ تووشی بە تووشی ژابای دەبێ. لەمەودوا، مەلای زانا و دنیادیدەی کورد، لە هانا و هیمدادی کۆنسوولی عورووسان دێ و دەگەڵی دەست دەداتێ و باری شانی

---

١. لەمەڕ ژیانی عەلی بەردەشانی، محەممەد تۆفیق وردی ئاماژە بەوە دەکا کە هیچ زانیاری‌یەکی ورد لەسەر ڕێکەوتی لەدایک بوونی بەردەشانی نیە. بەس دەزانرێ کە ناوبراو خەڵکی مەڵبەندی «مەرگە»یە لە قەڵادزێی ئەودیوی سەردەشتێ، کە لە سەدەی ١٨ و لە سەردەمی دەسەڵاتداری بابانێدا ژیاوە و وەکوو یەکێ لە بەیتبێژە گەلێری‌یە گەورەکان لە مێژووی کورددا دادەنرێ، کە بەیتەکانی لەسەر چوار مژاری نیشتمانی، دڵداری، باسی گیانلەبەران و باسی ژیان دەسووڕێنەوە. بڕوانە:
بەردەشانی، عەلی (١٩٧٢). هێندێ لە هەڵبەست و بەیتەکانی عەلی بەردەشانی. کۆکەرەوەی محەممەد تۆفیق وردی. نەجەف: چاپخانەی القضاء.

2. Alexander Auguste Jaba
3. Russian
4. Erzurum
5. Boris Andreevic
6. Asiatic Museum of Imperial Russian Academy of sciences

سووک دەکا. بایەزیدی لەژێر چاوەدێری و ڕێنوێنی ژابای دەست دەکا بە نووسینەوەی حیکایەت و گۆرانی‌یە فۆلکلۆریکە کوردی‌یەکان، شرۆڤەی داب‌ونەریتی کوردان، وەرگێڕانی «شەرەفنامە»ی بتلیسی، کاری ئێتنۆگرافی و لێکۆڵینەوەی فۆلکلۆر و میراتی زارەکی. وای لێ دێ کۆنسوول و مەلا وێکڕا بە نوسخەی خەتی و کتێباندا دێن و ئەوەی لەبەر دەستیاندا بێ، تاپۆ و تۆماریان دەکەن و بە ڕاگوێزکردنی دەیان کار بۆ ئەکادیمیای سانت پێترزبۆرگێ[1] لە فەوتان دەیانپارێزن. گرینگیی ئەو کارەی بایەزیدی لەوەدایە کە بەبڕوای زانایانی بواری فۆلکلۆری کوردی، یەکەم هەنگاوی مۆدێرن بووە بۆ کاری لێکۆڵینەوەی فۆلکلۆریک و ئێتنۆگرافییای کوردی، هەر لەم سۆنگەشەوە بووە کە مەلا مەحموودێ بایەزیدی شانازیی نازناوی یەکەمین خەڵک‌ناسی[2] کوردی پێ‌بەخشراوە (Keskin&Özmen.2018).

لە دەمەدەمی شەڕی یەکەمی جیهانی و لەو کاتەی وا ئیمپراتۆرییای عوسمانی دەکەوێتە ئاویلکەدانێ و دەسەڵاتی کەنەفت و کەلەلای سوڵتان عەبدولحەمیدی سەرەخۆرەی سەردەمی تەنزیمات (١٨٣٩-١٨٧٨)[3]، ڕووەو تەنگەبەری گۆڕیچە ڕەپێچەک دەدرێ، نەتەوەکانی نێو کەوشەنی ئیمپراتورییای عوسمانی هەریەکەو بەشێوەیەک خۆ لە دەسک داوێژن بۆ داڕنینی نیری یەخسیری و گرتنەدەستی گوڵی سەربەستی. ڕووناکبیر و ڕامیاری کوردیش وەک پەرچەکردارێک لە بەرانبەر سەرچەوتی و چاپ‌وچوویی جەمعیەتی ئیتحاد و تەڕەقی[4] و زبروزۆری و بەڵێن‌بەزێنیی ژۆن تورکان[5]، بارووی برایەتیی گەلان دەڕوخێنن و دێموکراتیزاسیونی تورکیا دەخەنە سەرەنوێلکەی مێژووە. لەجیاتی ئەوە، قوتاب‌خانەی سەرەتایی، ڕاوێژگەی ڕۆشن‌بیری[6]، خانەی خوێندکاری[7]، لانەی لاوان و یانەی یایان[8] دادەمەزرێنن.[9] لەو قۆناخەدایە کە تەڤگەری ژۆن تورکان وێڕای ئەوەی کە بەردەبێتە وێزەی

---

1. Saint Petersburg
2. Ethnographer
3. تەنزیمات یەکێ لە قۆناخە گرینگەکانی مێژووی ئیمپراتۆریای عوسمانی بووە، کە بە هاتنە سەر کاری دەسەڵاتی عەبدولحەمیدی دووەم کۆتایی پێ هاتووە. لەم بارەوە بڕوانە:
دۆمۆن، پۆل (٢٠٠٨). سەردەمی تەنزیمات. وەرگێڕانی نەجاتی عەبدوڵڵا. هەولێر: ئاراس.
4. Committee of Union and Progress
5. Jeunes Turcs
6. بڕوانە:
ماڵمیسانژ (٢٠٠٧). جەمعییەتی تەعاون و تەڕەقیی کورد و ڕۆژنامەکەی. وەرگێڕانی زریان ڕۆژهەلاتی. سلێمانی: بنکەی ژین.
7. بڕوانە:
ماڵمیسانژ (٢٠٠٨). جڤاتا هێڤی تەلەبەیێی کوردان ١٩١٢-١٩٢٢؛ یەکەم ڕێکخراوەی یاسایی تەلەبەی کورد. وەرگێڕانی زریان ڕۆژهەلاتی. سلێمانی: بنکەی ژین.
8. بڕوانە:
جەمعییەتی تەعالیی ژنانی کورد. لە: جەمعییەتی تەعالیی کوردستان. وەرگێڕانی زریان ڕۆژهەلاتی. سلێمانی: بنکەی ژین. لل. ١٣٥-١٦٦.
9. بۆ زانیاریی زیاتر لەسەر ئەو پارت و یانە کوردی‌یانە، بڕوانە:
Jwaideh, Wadie (2006). The Impact of Young Turk revolution of Kurdish nationalism.in: The Kurdish national movement .New York: Syracuse University Press. Studies.pp.102-115.

ڕۆشنبیرانی کورد و لە وڵاتی خۆیان هەڵیاندەقەنێ، ئاشی شەڕێکی شێنەیی و گەرای گەڕێکی هـزری دەنێـتەوە. لێرەدایـە کـە نووسـەرانێک بەکـرێ دەگیـرێن و هەرەوەزیـان پـێ دەکـرێ و پەڕتووکیان پێ دەنـووسرێ. ئەوانـیش چەنـدی بکـرێ و بکـرێنن مێـژووی گەلان دەشـێوێنن و لێیـان دەکەونـە حاشـایە و گێچەڵیـان تـێ دەهـاڵێنن. ئاخرسـەر، ئەم مرومشـت و ئینـکەبەری و یەکترڕەتێنییەش، دەبێتە هۆی بەرامبەرکێ و پێکهاتنی بەربەرەکـانیی چانـدی و وروژانـدنی زیاتری هەستی نەتەوایەتیی و گەڕانەوە بـۆ «خـود» و ڕسـکانی خەبـاتی زمـانی و فۆلکلـۆریکی. پێوەند بەم مژارە ڕەمەزان پەرتەو (133-132 .r ,2018) ئاوا دێتە دوو:

«لە ساڵی ١٩١٧دا، لە ڕێگەی چاپەمەنیی تورکانەوە، دەست بە حاشا و نکـۆڵی لـە کـوردان دەکـرێ. لەو پێنـاوەدا، بەڕێـوەبەری گشـتیی عەشـیرەت و کـۆچبەران، واتـە م. زەکەریـا بابەتێک لەژێر سەردێڕی باوانی کوردان و تانوپۆی عەشیرەتیی ئەوان، لە دوو بەشدا و لە گۆڤاری ئیجتیماعییاتدا بڵاو دەکاتەوە، کە تێیدا باس لەوە دەکرێ کە کورد هیچ بنەمـا و بنیادێکی مێژوویی نیە و دیار نیە ڕێشە و بنەڕەتیان چیە. جیـا لەوە، دوکتـۆر فـریچ ناوێـک کتێبێک لەسەر کوردان بڵاو دەکاتەوە و دەڵێ کـورد مێـژوو، ئەفسانە، ئەدەبییـات، داب و نەریتی خۆی نیە و ئەو شتانەشی وەپاڵیان دەدرێ هیی گەلانی دراوسێیانە و لە ڕایەڵوپۆی ئەوان جودایە».

هەرچەند کە دواجار دەردەکەوێ کەسێک بە ناوی د. فریچ ناوی لە کـوولەکەی تەڕیـشدا نیە و ئەوە ناجی ئیسماعیلە کە ئەو کەوڵەی لە خۆ وەرێناوە و بەدرۆ مۆرکی بەرلینی ڕۆژهەڵاتیـی لە تەوێڵی کتێبەکەی داوە، کەچی ئەو هـاتەرانپاتەرانانـە دەرگـای زانکۆیـان بـۆ دەخرێتـە سـەر گازەرای پشتێ و خوێنـدکاریان پـێ فڕچـک دەکـرێ و لەنێـو مەیـدانی ڕۆشـنبیـریشدا دەبنـە شەوچەلەی شەوکوێر و ڕازێنەرەوەی کۆڕگە و کۆزیلکەی دیـوانـدڕ و دەمڕاستان. لێـرەدا دەبـێ کە ئەم پەڕتووکە دەبێتە هۆی داترووسکاندنی بژاردەی تلاساو و چاوبەخەوی کورد و ڕانوانـدنی ڕووی ڕاستەقینەی ئەوانەی وا لـە کـاتی تەنگـانەدا گفتـی گەورەگەورە و بەڵێنـی برایەتـییـان دابـوونێ؛ ئیـدی لەو قۆناخەدایـە کـە خـۆدۆزینەوە لەپێنـاو خۆسـەلماندن دەست پـێدەکـا و شانبەشـانی کـاری ڕامیـاری، کەڵەوەکێشـیی کەلتـووری[1] دێتـە گـۆڕێ. لەگـرەولا، گۆڤـارە کوردییەکان تەرخانی مێژوو و زمان و فۆلکلۆری کوردی دەکرێن. دەگەڵ ئەوانـە، «کـۆمەڵەی کورد بۆ بڵاوکردنەوەی زانست»[2] لە ساڵی ١٩١٩دا بانگی بەرگریی فەرهەنگی ڕادەهێڵێ و ئینجا، خەبـاتی فۆلکلـۆریکی کـوردی وەک پێداویسـتییەکـی سـەردەم لەلایەن هەڵکەوتـوو و هەڵبژاردەی کوردەوە گەڵاڵە دەکرێ؛ دەسا بەشێوەیەکی چڕوپڕ هەرکەسەو گـوێی مژارێکی

---

1. Cultural Resistance

٢. بۆ زانیاری لەسەر ئەم ڕێکخراوەیە بڕوانە:
گوێڵداش، ئیسماعیل (٢٠١١). جەمعییەتی تەعمیمی مەعاریف و نەشریاتی کورد. لە:جەمعییەتی تەعالیی کوردستان. وەرگێڕانـی زریان ڕۆژهەڵاتی. سلێمانی: بنکەی ژین. لل.١٢٢-١٣٥.

دەگرێ. بۆ نموونە «ئەمین‌بەگێ بتلیسی (کوردیە بتلیسی) بە سەر بابەتی ڕەچەڵەک و ئەفسانەی کوردی ڕادەگا و محەممەد مێهری دەپڕژێتە سەر بواری گۆرانی‌یە گەلێری‌یەکان و هەمزەی موکسیش خۆ لە قەرەی فۆلکلۆر و ئەدەبی میللی دەدا. وێڕای ئەوانە، لاو ڕەشید و حیلمیە سێورەگی کار لەسەر مەسەل و پەندی پێشینان دەکەن. لەولاتریش، مەمدوح سەلیم بەگ دەچێتە سەر باسی شایی و شین و ڕێوڕەسم و بۆنە نەتەوەیی‌یەکان و کەماڵ فەوزیش[1] خۆی بە مێتۆلۆژی و چیرۆک و حیکایەتە کوردی‌یەکانەوە خەریک دەکا» (Pertev, 2018, p. 213).

وەک لە مێژووی ڕۆشن‌بیریی کورددا دیارە، بیریاران و ڕامیارانی کورد لە ئەستەمبووڵێ سەردەقشکێنی گەلێک باس‌وخواسان بوون؛ باس و بابەتێک کە ئێستاکەشی دەگەڵ بێ خەم‌خۆرانی زمان و وێژەی کوردی هەروا بە دوویانەوە دەخولێنەوە وەکوو زمانی ستاندارد، یەک‌خستن و گۆڕینی ئەلف‌وبێی کوردی، دانانی کتێبی زانستی بە زمانی کوردی و پاراستن، کۆکردنەوە و تۆمارکردن و چاپ‌کردن و ناساندنی میراتی فۆلکلۆریکی کوردی.

وەکی گوترا، فۆلکلۆری کوردی و ئەدەبی زارەکیی کوردیش وەک یەکێ لە تەوەرە سەرەکی‌یەکانی ناسێنەی کوردی لەوسادا بەهێند دەگیرێ. هاوجووت دەگەڵ هەوڵی تاکەکەسیی ڕۆشن‌بیرانی کورد، ئەنجومەن و ناوەندەکانیش بایەخی پێ دەدەن، بە ڕەنگێک کە ئەگەر ئارشیوی گۆڤار و ڕۆژنامەکانی ئەوێدەمێ تۆزتەکێنێک بکرێ، دەبینرێ کە ئەم مژارە بەردەوام هاتووەتە بەرباس، جا چ بە باس‌کردنی هێماکان بێ، یا بە چاپی حیکایەت و پەند و هەڵبەستێکی فۆلکلۆریک.

دوای ئەوەی هێلانەی تێکۆشەرانی تێگەیشتووی کورد لە ئەستەنبووڵێ دەشێوێ و هەریەکەی بەجۆرێک تەرە و وەیلانی ولاتانی تر دەکرێن و بنەماڵەی میرانی کورد جێی سرەوت و مانەوەیان لە باکووری کوردستانێ بۆ نامێنێ و ناچار بە جێ‌هێشتنی زێد و زاگەیان دەبن، بەشێکیان ڕوو لە دیوی ڕۆژهەلاتێ دەکەن و بە ئاگری و ئەورین و بۆزی سینا و دالانپەڕێدا شۆڕ دەبنەوە و لەنێو هەرکی و شکاک و جەلالی و زیلان و میلانان‌دا دەست بە کاری فەرهەنگی دەکەن. «عەبدولڕەزاق بەدرخان» (١٨٦٤-١٩١٨)ی دیپلۆمات، زمانزان و کەلتوورپەروەری کورد، یەک لەو کەسانەیە کە لە ١٩١٠ بەولاوە لە مەڵبەندەکانی باکووری پارێزگای ورمێ جم‌وجووڵێکی فەرهەنگی وەڕێ‌دەخا. بەدرخان ساڵی ١٩١٣ یەکەمین قوتابخانەی کوردیی لە شاری «خۆ»یە بنیات دەنێ. هەروەها، لە سەردەمی حوکماتی سمایل ئاغای سمکۆدا (١٨٧٥-١٩٣٠) بە یارمەتیی ڕاژووران و ڕابەڕانێکی لەگوێن سەید تەهای نەهری[2]، سەعیدبەگ، موسابەگ و شەکر ئاغای، لەپێناو پەرەپێ‌دانی هزر و زانستی نەتەوەیی،

١. بۆ باس لەسەر کەماڵ فەوزی، بڕوانە:
مالیسانژ (٢٠٠٧). پێگەی کەمال فەوزی بتلیسی لە ڕێکخراوەکانی کورددا. وەرگێڕانی زریان ڕۆژهەلاتی. سلێمانی: بنکەی ژین.
٢. دەربارەی ژیان و بەسەرهاتی سەید تەهای نەهری، بڕوانە:
سەعید مەلا، ڕێبین (٢٠١٦). سەید تەهای نەهری. هەولێر: ئەکادیمیای کوردی.

هێمـی «کـۆمەڵەی جیهـاندانـی» لـە مەڵبەنـدی ورمـێ دادەڕێـژێ (هـروری، ٢٠٠٥)، کـە ئەم دامەزراوەیـە لـە ڕێنـامەی کەلتـووری[1]ی خـۆیدا تەرکیـز دەخاتـە سـەر «بووژانـدنەوەی فۆلکلـۆر و دابـە کـۆمەڵایەتییەکـان، گەشـەکردن بـە زمـان و ئەدەب و نووسـینەوەی مێـژوو» (مەلا عززەت، ٢٠١١، ل. ٦٨).

پۆلێکی تر لە بنەماڵەی بەدرخانەکان دوای ئەوەی کە دەبینن ڕۆژ نیە هەڕەشەیان لێ نەکـرێ و شـەو نیـە سـمکۆڵیان لـە دەوری نەکـرێ، لانگـۆڕکێ دەکەن و پەڕیـوەی سـوریا و ڕۆژاوای کوردستانێ دەبن و لەوێ بە دەرکردنـی گۆڤـاری «هـاوار»، جمشـت و جـووڵانەوەیەکی مەزنـی فەرهەنگـی وەڕێدەخەن. لەو شۆڕشـە کەلتـووری‌یەدا نەک تەنیـا مـژاری فۆلکلـۆر و ئەدەبـی زارەکی دیزەبەدەرخۆنە ناکرێ، بەڵکـوو پشـکی شێریشـی دەدرێتـێ، بەجۆرێـک کـە لـە یەکەم ژمارەی ئەو گۆڤـارەدا و دوای ئەوەی کـە مانیفیسـتی خـۆی دەردەخـا و دەڵـێ: «هـاوار دەنگـێ زانینێیـە... زانـین خۆناسـینە» (Hawar, 1932, r.1)، باسـی پێویسـتیی کـۆکردنەوە و تۆمـارکردنی حیکایـات، چیـرۆک، گـۆرانی، سـەما و هەڵپەڕکێـی کـوردی وەکـوو یەکـێ لـە ئامانجەکـانی گۆڤارەکە دەکرێ (عمر، ٢٠١٨، ص. ٩٦). سەرنووسەری هاوار، واتە جەلادەت عـالی بەدرخـان (١٨٩٣-١٩٥١) بەردەوام لە وتارەکانی‌دا ئاماژە دەداتە زمان و گرینگیی ئەو بۆ پاراستنی شوناسی نەتەوەیی (Bedirxan, 1933). هەروەهـا، فێربـوون و فێرکردنـی زمـانی زگـماک دەخاتـە خـانەی ئەرکێکی نیشـتمانی (Azîzan, 1942) و بـاش‌تـرین ڕێگـە و چـارەش بـۆ خزمەتـی ئەو زمانـە لـە فۆلکلۆردا دەبینێ؛ فۆلکلۆرێک کە بە نەرین و نواڕینی ئەو وەکـوو کانیـاوێکی قـوڵ و گەورەیـە کە قەت ویشکایی نایـە (Hawar,1941). هەر ئەو گرینگـی و پێشـەمی‌یەی[2] وا جەلادەت عـالی بەدرخان بە فۆلکلۆری دەدا و دەیخاتە سەرووی هەموو شتەکان، دەیکاتـە یەکەم کوردێـک کـە لە مێژوودا زانسـت و مێتـۆدی کـۆکردنەوە[3] و دەسـتەبەندیی کەرەسـتەی فۆلکلـۆر و جۆرەکـانی بێنێتە بەرباس و دواجار، لە دڵی فۆلکلۆرەوە جاڕنامەیەکی نەتەوەیـی سـاز بـدا (Pertew, 2017)؛ بۆیەشە ئەگەر چاوێک بەسەر ژمارەکانی گۆڤارەکەدا دەخشێنی، نابینی کە بابەتێک نـووسرابێ و پێنووسـی نووسـەرەکەی لەسـەر زمـان و فۆلکلـۆر و ئەدەبـی زارەکـی نەجـووڵابێ. جیـا لەوە، دەردەکەوێ کە پێشـەنگانی هـزری مـۆدێرن و سـەرقافڵەکانی کـاروانی ناسیۆنالیسـمی کـوردی، کەسانێک کـە زۆربەی هەرە زۆریـان زمـانزان و ڕۆژاوادیتـوو و بیرمەنـد بـوون، بوونەتـە مـاکی هەژاندنی گیانی فۆلکلۆری کوردی و خراونەتە سـەر بـاری بیرکـردنەوە و بـیچم گرتنـی تـێگەی فۆلکلۆر لە واتا و باری نوێباوی خۆیدا.

لە کوردستانی سۆڤێتیش مژاری فۆلکلۆر لای لێ دەکرێتەوە، بەتایبەتی لە ١٩٣٠ بـۆ ئەولاوە کە دەرەتانێکی کەلتووری دێتە ئاراوە و هەروەها پاش بەڕێوەچوونی کۆنفڕانسی کوردۆلۆژی لـە

1. Cultural Program
2. Priority
3. Collection Method

ساڵی ١٩٣٤، کە تێیدا چەندین بڕیاری بایی‌دار لەمەڕ ڕاژەی فۆلکلۆری گەلانی سۆڤێتستانێ دەردەکرێ (Omer, 2018, r.85). لێرەدایە کە بۆ یەکەم جار وشەی «فۆلکلۆر» دەبێتە سەردێڕی کتێبی کوردان[1] و حەجیێ جندی (١٩٠٨-١٩٩٠)[2] دەبێتە سەرقەتار و جڵەوداری کاروانی کاری فۆلکلۆریک لەو بەشەدا. وەک لە بیرەوەری‌یەکانی‌دا هاتووە، ناوبراو لە ١٩٣٠ و لەو کاتەی‌دا کە دەبێتە مامۆستای زمانی کوردی لە دێهاتان، گۆشەیەکی چاویشی دەداتە کۆکردنەوە و نووسینەوەی زارگوتنی کوردان. لە ساڵی ١٩٣١دا حەجیێ جندی بەشداری ئەو پڕۆژەیە دەبێ کە لەلایەن زانینگەی مێژووی کەلتووری هەرمەنستانێ[3] و بە چاوەدێریی پرۆفیسۆر ئاساتوور خاچاتریانی گەڵاڵە دەکرێ و بەشداری ئەو سەفەربەری‌یەش دەبێ کە بۆ خڕکردنەوە و تۆمارکردنی ئەدەبی زارەکیی کوردی لە مەڵبەندەکانی ئاپەرانێ، تەلینێ، ئێجمیازینێ و ئاشتاراکێ ساز دەکرێ. جندی هاوتەریب دەگەڵ کۆکردنەوە، دەستەبەندی، شرۆڤە و شی‌کردنەوە و بەراوردکاریی بەیت، گۆرانی، حیکایەت و مەتەڵان، دەچێتە سەر وەرگێڕانیان بۆ سەر زمانی ڕووسی (Harûtyûnyan, 2010). جیا لە جندی، لەم بوارەدا دەبێ ئاماژە بە حەول‌وەدەولی کەسانێکی وەکوو ئەمینێ عەڤداڵ (١٩٠٦-١٩٦٤) بکرێ کە هەر لە دوای دەرچوونی ڕاسپاردەکانی کۆنفرانسی کوردناسی لە هەرمەنستانێ هاوڕاز و هاوبازێکی بەردەوامی حەجیێ جندی بووە و لەم بوارەدا سڵی لە هیچ چەشنە کۆششێک نەکردووەتەوە. وێڕای ئەوانە، ناکرێ مژاری خەباتی فۆلکلۆری کورد لە ئەرمەنستانێ بێتە گۆڕێ و باسی تێکۆشانی عەرەبێ شەمۆ (١٨٩٧-١٩٧٨) و پرۆفیسۆر قەناتێ کۆردۆ (١٩٠٩-١٩٨٥) پاش‌قول بدرێ و لەبیر بکرێ.

لەدوای جەنگی جیهانیی یەکەم و دوای ئەوەی کە لە ١٩١٨دا ئاگری شەڕ لەنێوان سوێندخۆران[4] و عوسمانی‌دا خۆڵی بەسەردا دەکرێ، «لە ١٠ی مایسی ١٩١٩ لە لەندەنێ‌ڕا برووسکەیەک بۆ حاکمی گشتیی بەریتانیا لە عێراقێ لێ دەدرێ و داوای لێ‌دەکرێ هەتا ویلایەتی موسڵێ پێک‌بێنێ و لەو لاشەوە، مەزنایەتیی کوردانیش بە خۆیان بسپێرێ» (قزاز، ١٩٧١، ل ١٠٠)، بەڵام ئەم شتە سەر ناگرێ[5] و لە ١٩٢٠دا بناغەی دەوڵەتی عێراقێ هەڵدەبەسترێ. دەگەڵ دانانی دووبەردەی دەوڵەتی پاشاییی عێراقێ، «یاسای فەرمی‌بوونی زمانە

---

١. ئەم کتێبە وەختی خۆی بە هاوکاریی ئەمینێ عەڤداڵ سەروبەر بووە، بڕوانە:
جندی، حەجیێ، عەڤداڵ، ئەمینێ (٢٠٠٨). فۆلکلۆرا کورمانجا.هەولێر: ئاراس.

٢. بۆ زانیاریی پتر لەسەر ژیان و خەباتی حەجیێ جندی، بڕوانە:
حەجی جەواری، فریدا (٢٠٠٨). حەجیێ جندی؛ ژیان و کار. هەولێر: ئاراس.
حەجی جەواری، فریدا (٢٠١٢). هەجیێ جندی و مالباتا وی. هەولێر: ئاراس.

3. Armenia

4. Allies of World War I

٥. بۆ باس لەسەر ئەو قۆناخە، بڕوانە:
حیلمی، ڕەفیق (٢٠٠٣). یادداشت. چاپی سێهەم. سلێمانی: سەردەم.

خۆجێیەکان[1] و پەروەردەکردن بەو زمانانە پەسەند دەکرێ» (Hassanpour, 1992, p.306). دەگەڵ ئەوەش دا هێندێ وردەمافی کەلتووری دەدرێتە کوردان؛ لەو ڕووەوە، یانە و کۆڕ و کۆبوونەوەی فیکری-فەرهەنگی چرۆ دەکەن. بۆ نموونە، لە دوای هاتنەوەی پیرەمێرد لە ساڵی ١٩٢٥ لە وڵاتی عوسمانی، لە ١٩٢٦دا «کۆمەڵی زانستی کوردی» بە پێشبەرێتیی پیرەمێردی لە سلێمانی دێتە سەر شانۆی فەرهەنگی و دەورێکی یەکجار باڵا لە بووژاندنەوەی کەلەپووری میللی و بڵاوکردنەوەی زانست و خوێندەواری دەگێڕێ (میرزا کەریم، ١٩٧٨، ل. ١٨). پیرەمێرد جیا لە کاری ڕێکخراوەیی و یانەیی بۆ ژیاندنەوەی فۆلکلۆری کوردی، بەشێوەی تاکەکەسیش بەردەوام دەبێ. بۆ نموونە، ناوبراو بە شێوازێکی داهێنەرانە دەکەوێتە کاری ئەدەبی زارەکیی کوردی و لەبۆ پاراستنی داستانە فۆلکلۆریکەکان دەست دەکا بە داڕشتنەوەیان لە قاڵبێکی نوێ و لەم بوارەدا چیرۆکی «مەم و زین»[2] و «دوانزە سوارەی مەریوان»[3]ی بەرهەم دێنێ. وێڕای ئەوانە، پیرەمێرد پەندەکان دەهۆنێتەوە و ئاوێزانی کێش و پاشەڵ و سەروایان دەکا و بەم جۆرە لە نەمان دەیانپارێزێ. ئەوانەشی دەگەڵدا بێ، پیرەمێرد دەگەڵکوو دەست دەکا بە دەرکردنی بڵاوکراوەکانی «ژیان» و «ژین»، مژاری فۆلکلۆر و ئەدەبی زارەکیی دەکاتە ناوئاخنی یەک لە هەشتی ڕۆژنامەکەی و لەم بارەوە دەورێکی دیار دەگێڕێ، کە ئومێد ئاشنا (٢٠٠١، ل. ٦٨) ئاوا لەم بارەوە دێتە دووانێ:

«لە ساڵانی سییەوە هەموو ژمارەیەکی ڕۆژنامەکەی بە گۆشەی (پەندی پێشینان) دەڕازاندەوە. ئەم کارەی پیرەمێرد بایەخەکەی لەوەدا بوو کە ئەو پەندە کۆنە فۆلکلۆرییانەی دەهێنا و دەیکردن بە شیعر و بەجۆرێک دەگەڵ یەکتردا دەیگونجاندن کە خوێنەری دەجووڵاند و زەوق و چێژێکی تایبەتی لێ وەردەگرت، تەنانەت بەشێوەیەک دایدەڕشت کە ئەو دێڕ و نیوەدێڕانەی خۆی لەناو دەقە فۆلکلۆرییەکەدا نەدەناسرایەوە».

جیا لە کردوکۆشی پیرەمێرد لەپێناو وەسەریەکخستنەوەی میراتی فۆلکلۆری و گەشاندنەوەی ئاورگی پێشینان، دەبێ باس لە دوو کەسایەتیی بەبیر و بەتەگبیر و پێشەنگ بکەین کە بۆ یەکەم جار دەست بە دانانی کتێب دەکەن بۆ پەندی کۆکراوەی کوردی. ئەوانیش یەکیان ئیسماعیل حەقی شاوەیسە و ئەوی دیکەشیان مەعرووف جیاووکە.

---

1. Local Languages Law

٢. بڕوانە:
پیرەمێرد، حاجی تۆفیق. (١٩٣٤). مەم و زین. سلێمانی: ژین.

٣. بڕوانە:
پیرەمێرد، حاجی تۆفیق (١٩٣٥). دوانزە سوارەی مەریوان. سلێمانی: ژیان.

ئیسماعیل حەقی شاوەیس (١٨٩٤-١٩٧٦)، لە ساڵی ١٩٣٣دا «قسەی پێشینان» بڵاو دەکاتەوە.[١] مەعرووف جیاووکیش[٢] کە دامەزرێنەری یانەی کوردانە (١٩٣٠-بەغدا)، «هەزار بێژ و پەند» لە ساڵی ١٩٣٨دا چاپ دەکا و لە سیلەنیگای کەلەپوور و پاشەواری مێژوویی‌یەوە لە کاری خۆی دەڕوانی و لە پێشەکیی کارەکەدا جیاووک (١٩٣٨،ل. ٣) ئاوا دەڵێ:

«ئەوە یادگاری‌یەکی تر، پێشکەشی پیر و لاوانی نیشتمانم ئەکەم، هەرچەند نووسراوێکی کەم‌نرخ و ناچیزە، بەڵام ڕەنگە کەڵکێکی بێ و سودمەندی هاونیشتمانم بێ. لەلای دانیشمەندان پەنهان نیە کە هەموو زیندەگانیی جیهان و هەموو تیرە و بەرەی عێل و عەشیرەت بە وتە و بێژی خۆش و بە کاری پێشووان خۆشنود ئەبن و پێی ئەنازن. ئێمەش کە کوردین –بە کورد ناسراوین و زمانمان زۆر فرەوان و بڵاوە، ئەشێ وتراوێکی زۆرمان بووبی و بێ‌گومان هەبووە و هەیە، بەڵام چ سوود، کۆنەکراوەتەوە وەیا لە چاپ نەدراوە».

دەگەڵ دامەزرانی کۆماری کوردستان لە ١٩٤٦دا هزری نەتەوەیی دەگاتە چڵەپۆپە و مژاری فۆلکلۆریش کەم‌وزۆر مشووری لێ دەخورێ و لە چەند ژمارەی ڕۆژنامەکانی ئەوێ سەردەمێدا پەندی پێشینان و قسەی نەستەق چاپ دەکرێ. هەروەها، یەکێ لە فۆلکلۆریستە گەورەکانی دەیەی چل، واتە مامۆستا «محەممەد تۆفیق وردی»[٣] دێتە مەهابادێ و لەوێ وێڕای کاری مامۆستایەتی، وەک خۆی دەڵێ بەشێوەی مەیدانی دەکەوێتە کاری کۆکردنەوەی

١. ئیسماعیل حەقی شاوەیس کوڕی بنەماڵەیەکی ناوداری سلێمانی‌یە، کە لە ساڵی ١٨٩٤ لە شاری مووسڵێ پێی ناوەتە جەغزی ژیان. چووەتە قوتاب‌خانەی ڕوشدییەی عەسکەری و لە بەغدا خوێندوویەتی. ئینجا ڕۆیشتووەتە ئەستەمبوڵێ و ساڵی ١٩٠٧ لە قوتاب‌خانەی جەنگی شاهانەدا بووەتە ئەفسەر و پلەوپایەی نیزامی بڕیوە و بەشداری شەڕەکانی باڵکان و یۆنانێ بووە. پاش بڕانەوەی شەڕی یەکەمی جیهانی، هاتووەتەوە سلێمانی و وەکوو نوێنەر و دیپلۆماتی دەوڵەتی باشووری کوردستانێ کاری پێ ئەسپێردراوە. دواجار، بەشداری کۆماری کوردستانێی کردووە لە مەهابادێ. شاوەیس، لە بواری کاری ئەدەبی‌یەوە، پەڕژاوەتە سەر کۆکردنەوەی پەندی پێشینان، نووسینی کوردی بە پیتی لاتین، ئەدەبی منداڵان و خڕکردنەوەی چیرۆکان. بۆ زانیاریی پتر لەسەر ناوبراو، بڕوانە:
ئاشنا، ئومێد (٢٠٠٣). ئیسماعیل حەقی شاوەیس؛ ژیان و بەرهەمەکانی. هەولێر: ئاراس.
٢. جیاووک نووسەر، فۆلکلۆرپەروەر، سیاسەت‌کار، ڕۆژنامەوانی کورد و کوڕی بنەماڵەیەکی باڵەکیی گوندی «سرێشمە»ی خەلیفانی سەر بە ڕەواندزێ‌یە کە ١٨٨٥ لە بەغدایە پێی ناوەتە سەر دنیایە و ساڵی ١٩٥٨ هەر لەو شارە ماڵاوایی لە ژیان کردووە. بۆ زانیاریی زیاتر لەسەر ژیانی و تێکۆشانی ئەم ڕۆشن‌بیرە کوردە، بڕوانە:
عوبەید ساڵح، ئازاد (٢٠١٢). ڕۆڵی سیاسی و کارگێڕی و ڕووناک‌بیری مەعرووف جیاووک. هەولێر: ئەکادیمیای کوردی.
٣. محەممەد تۆفیق وردی لە ساڵی ١٩٢٣ لە شاری کۆیە لەدایک بووە. دوای تەواوکردنی خوێندنی خۆی لە شارەکەی حاجی، لە خانەی مامۆستایانی بەغدایە وەرگیراوە و ساڵی ١٩٤٤ وەک مامۆستا و پەروەردەکار دامەزراوە. لە ساڵی ١٩٤٥ و لەو کاتەی وا لە قەڵادزێ مامۆستا بووە، پێوەندی بە بزاڤی کورد لە ڕۆژهەڵات گرتووە و لە ساڵی ١٩٤٦دا چووەتە مەهابادێ و لەوێ وەک مامۆستای قوتاب‌خانەی سەرەتایی، ئەرکی خۆی بەڕێوەبردووە. دوای هەرەسی کۆمار دەگەڕێتەوە شاری کۆیە و تا ساڵی ١٩٥٨ و شۆڕشی ١٤ی تەموزێ بێ‌کار دەبێ و دوابەدوای ئەو شۆڕشە دەچێتەوە سەرکار و لە ساڵی ١٩٧٥ بارگەوبنەی بەرەو هەواری نەمان دەپێچێتەوە. هەتا ئێستا زیاتر لە ٣٠ پەڕتووک لە ناوبراو بڵاو بووەتەوە، کە زیاتریان لەسەر مژار فۆلکلۆر و ئەدەبی گەلێری و میللی سووڕاونەتەوە.

فۆلکلۆری (وردی، ١٩٦١، لل. ٣-٤). جگە لە مامۆستا وردی، یەکێکی تر لە مامۆستایانی ئەو سەردەمە، یانی «سەید عوبەیدوڵڵای ئەیووبیانی مەرکەزی»[1] چ لەوسا و چ لە دەیەکانی دواییدا ڕوخسارێکی دیاری نێو گۆڕەپانی لێکۆڵینەوەی فۆلکلۆری کوردی بووە.

لە دوای دارمانی تەختی پاشایەتیی لە عێراق و هاتنە سەر کاری قاسم لە ١٩٥٨، بڕە ئازادییەک بۆ چاپ و بڵاو کردنەوە و دانانی دامەزراوەی ئەدەبی و فەرهەنگی دەدرێ. لە دەیەکانی دواتردا، ئەوە کۆڕی زانیاریی کوردە، کە دەبێتە ناوەندێکی ناوازە بۆ ئەدەب و کەلتووری کوردی و یەک لەوان لقی ئەدەبی زارەکی و فۆلکلۆر. لەو بەستێنەدایە کە ژمارەیەک کتێب و وتار لەسەر فۆلکلۆر چاپ دەکرێن. جیا لەوە، توێژەرانی تۆرەی کوردیی سۆڤێتی بەرێ، بەو ناوەندەوە گرێ دەدەرێن. لەوانەش گرینگتر، پرسی نووسینەوە و کۆکردنەوەی سامانی کەلەپووری بەجوانی لە حەفتاکانی کۆڕی زانیاریدا گەڵاڵە دەکرێ و هەنگاوی بەکێشانە و پێوانە بۆ کۆوەکردن لە مەیدانی فۆلکلۆردا لەلایەن دەمڕاستی لێژنەی زمانی کۆڕی زانیاری، واتە مەسعوود محەممەد (١٩١٩-٢٠٠٢) هەڵدێتەوە و ئەوەی لەو بارەیە دەستیان لێی گیر دەبێ، دەخرێتە سەر باری چاپکردنێ (ئیبراهیم عەزیز، ٢١٨، ل.١٩). ئەم مەراقەش بۆ لێکۆڵینەوەی کوردی لە وتەیەکدا بەجوانی ڕووی خۆی دەنوێنێ، کە تێیدا مەسعوود محەممەد (١٩٧٤. ل. ش) دەڵێ:

«ئەگەر چاومان لێڵایی دانەهاتبێ لە دیتنی ئەم وێنەیەمان لەناو نووسینی بێگانەدا، دەبێ وەک مرۆڤی مەردی ملکەچ بۆ حەق و ڕاستی، خێرا و ئازایانە ئەم ئەرکە لەسەر شانی ئەوان هەڵەنگێوین بۆ سەر شانی خۆمان، یاخود هەر نەبێ ئێمەش شانی خۆمان بدەینە بەر بەشێکی ئەو ئەرکە. ئەگەر نەڵێم عەیبە، بێگانە بە مێژوو و زمانمانەوە خەریک بێت و خۆمان لە خۆمان غافڵ بین...».

لە مەودای دەیەکانی حەفتا و هەشتادا، ژمارەیەک پەڕتووک دەربارەی ئەدەبی زارەکی بڵاو دەکرێتەوە کە ئەگەر خوێنەر بە ناوەڕۆکیاندا شۆڕ بێتەوە و یان ئەوەی کە بێت سەیری سەرناوەکانیان بکا، دەبینێ هەموویان هاتوونەتە سەر بستە و تەوەرەی بەرەی بەرێ و کۆکردنەوە و تۆمارکردنی بەیت و گۆرانی و قسەی نەستەقیان کردووەتە ڕچە و ڕەوتی خۆیان[2]، بەڵام دیسانەوە وتار یا کتێبێکی تیۆریک نابینێ تا دەگاتە ئەو کاتەی چەن کەس لە خوێندکارانی

---

١. ئەیووبییانساڵی ١٩٢٨ لە شاری مەهابادێ لەدایک بووە و ساڵی ٢٠١٠ هەر لەو شارە کۆچی‌دوایی کردووە. ناوبراو لە سەردەمی کۆماردا مامۆستای زمانی کوردی بووە و بەپێی هێندێ گێڕانەوە شانۆی دایکی نیشتمانیشی نووسیوە. ئەیووبییان دوای ئەوەی کە لە ١٩٥٦دا توێژینەوەی بەکالاریۆسی خۆی لە زانکۆی تەورێزێ دەنووسێ، سەرنجی بۆ ناوەندی لێکۆڵینەوەکانی زانکۆی وێ ڕادەکێشرێ و هەلەکە دەقۆزێتەوە و لەم بوارەدا بە چەندین شێوە کار لەسەر ئەدەبی زارەکی دەکا و بناغەی لێکۆڵینەوەی فۆلکلۆری لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانێ دادەڕێژێ.

٢. بۆ دیتنی سەرناوی بەشێک لەو کارانە، بڕوانە:

نەریمان، مصطفی (١٩٨٨). بیبلۆگرافیای دووصەد ساڵ کتێبی کوردی ١٧٨٧-١٩٨٦. بەغدا: دەزگای ڕۆشنبیری و بڵاوکردنەوەی کوردی. لل. ٢٢٠-٢٣٢.

کورد لە ڕووسیا و ئەورووپایە دەگەڕێنەوە و دەگەڵ خۆیان بڕێ باسی پێوەندیدار بە فۆلکلۆر و تیۆریی ئەدەبی زارەکی دێننەوە.

بەپێچەوانەی بەشەکانی تر، پۆلـووی خەبـاتی فۆلکلۆریـک لـە کوردسـتانی ئێرانێ بەهـۆی نەبوونی بەستێنی پێوەندیدار ئەو جۆرەی کـە پێویسـتە ناگەشـێتەوە و ئەوانەشـی وا تخـونی ئەم مژارە دەکەون ناگەنە قامکی دەستان. لێرەدایە کـە مامۆسـتا هـێمن (١٩٧٥، ل.١٣) لـە پێشـەکیی «توحفەی موزەفەرییە»دا دەڵێ:

> «پاش پەیدابوونی ڕادیۆی باتری لەلادێ، فۆلکلـۆری ئەدەبـی کـوردی بەجارێـک کەوتـە مەترسییەوە. ڕووناکبیرانی کورد هەستیان بەو مەترسییە کرد. لاوانی زانا و وریا دەستیان بە کار کرد و کەوتنە کۆکردنەوەی بەیت و باوی کوردی. هەرچەنـد ئیمکـانی ئەو کـارە لـە کوردستانی ئێران زۆر کەمە و جارجاریش دەبێتە هـۆی دەردی سـەر، بەڵام چەنـد کەسـی خوێندەوار و ڕووناکبیر تا ڕادەیەکی باش لەو کـارەدا سـەرکەوتن. کـاک عوبەیـدووڵڵای ئەیووبییان و کاک قـادری فەتـاحی قـازی و د. کەیـوان پوورمـوکری، هەر یەکـە بەش بـە حاڵی خۆیان بەرهەمی باشیان لە فەوتان و نەمان ڕزگار کردووە».

لەو پێوەنـدییەدا، دەبـێ بڵێـین کـە ئەوەی بـواری ئەم کارانـە بـۆ ئەم دوو-سـێ کەسـە دەڕەخسێنێ، دامەزرانـی دوو ناوەنـدی میـرییـە بـۆ فەرهەنـگ و فۆلکلـۆری ئێرانـی. ئەم دوو ناوەنـدەش یەکیـان «ناوەنـدی مێـژوو و فەرهەنگـی ئێـران»ە لـە زانکـۆی تەورێـزێ[1] و ئەوەی دیکەشیان «ئەنێستیتۆی ئاسیایی زانکۆی پەهلەوی»[2]یە لە شـیرازێ[3]. دەگەڵ کـرانەوەی ئەم دوو دەروویە، فۆلکلۆرپەروەرانی کورد وەکووو عوبەیدووڵڵای ئەییووبییان و قادری فەتاحی قـازی[4]

---

١. مەنوچێری مورتەزەوی لە پێشەکیی کارەکانی قادری فەتاحی قازیدا، ئاماژە بە ئامانجەکانی ئەو ناوەندە دەکا، وەک شـوێنێک بـۆ خزمەت و ڕاژەی ئەدەبییات و فەرهەنگی ئێرانی و لای وایە کە بۆ تـێگەیشـتن لـە تـانوپـۆی مێـژووی ئێرانـێ، دەبـێ هاوتەریـب دەگەڵ خوێندنەوەی مێژووی ڕووداوەکان، کار لەسەر ئەدەب و فۆلکلۆریش بکرێ، هەتا وێنایەکی ڕوونتر لە ڕابردوو دەستەبەر بێ. ناوبراو لێکۆڵینەوە لەسەر ئەدەبی کوردی بە گرینگ دەزانێ و لای وایە کە ئەم کارانە لەلایەک دەبنە هۆی ڕۆشـنکـردنەوەی سووچە تاریکەکانی فەهەنگی کوردی وەک فەرهەنگی قەومێکی ڕەسـەنی ئێرانـی و لەلایەکـی دیـکەوە گرینگـە بـۆ دۆزیـنەوە و بەدواداچـوونی توخمەکـانی پێـکهێـنەری زمـان و ئەدەب و فکـر و کۆمەڵگـای ئێرانـی. جیـا لەوانە، هۆکـارێکی تـر بـۆ ئەم لێکۆڵینەوانە، تێگەیشتنە لە دڵ و دروونی مرۆڤی ئەو بەشە لە گۆی زەوی، واتە تێگەیشتن لە کوردان. بڕوانە:
مرتضوی، منوچهر (١٣۴٨). دیباچە: در منظومە کردی شور محمود و مرزینگان. ضبط و ترجمـە و توضـیح قـادر فتـاحی قاضـی. تبریز: موسسە تاریخ و فرهنگ ایران. صص. پنج-هفت.

2. Asia Institute of Pahlavi university

٣. ئەم ناوەندە ساڵی ١٩٢٩ لە نیۆیۆرکێ دامەزراوە و لە ساڵی ١٩٦٥ بە سەرپەرەستیی فەرەحی پەهلەوی دەگوێزرێتەوە بـۆ شـیرازێ و هەتا ساڵی ١٩٧٩ درێژە بە تێکۆشانی خۆی دەدا. مەبەست لە دانانی ئەو ناوەندە لێکۆڵینەوە لەسـەر داب و نەریـت و کەلتـوور و زمان و ئەدەبی ئێرانی و ناساندنیان بووە.

٤. قادری فەتاحی قازی ساڵی ١٩٣٥ لە مەهابادێ لەدایک بووە. قازی دوای کۆتاییی بەکالاریۆسی خۆی و نووسینی لێکـۆڵینەوەی «تحقیق در اوزان ترانەهای کردی» لە ١٩٥٩دا، ساڵی ١٩٦٤ بە نووسینی وتارێک لەسەر بەیتی «شـێخ مەنـد و شـێخ ڕەش»ی کـار لەسـەر نووسـینەوە و کـۆکردنەوەی بەیتەکـان دەکـا. قـازی دەگەڵ کـاری کـۆکردنەوەی بەیتەکـان، دەکەوێتـە شـەن و شرۆڤـە و وەرگێڕانیان بۆ سەر زمانی فارسی. جیا لەوە، پەند و مەسەلی کوردیش کۆ دەکاتەوە و وێـڕای شـیکـردنەوە و وەرگێڕانیـان، لـە دوو توێی کتێبی چەندبەرگیدا چاپیان دەکا. قازی لە وتارەکانیدا کـار لەسـەر دەسـتەبەندیی بەیتەکـان و ناسـاندنی بەیـتبێژان دەکـا. واوەتـر لەوانە، قـادری فەتـاحی قـازی بـۆ یەکەم جـار، لـە سـاڵی ١٩٨٣دا فەرهەنگـی زاراوەکـانی تـایبەت بـە جـۆڵایی (وەک کەرەستەیەکی فۆلکلۆریک) دادەنێ.

و عەبدولحەمیدی حوسێنی[١] وەخۆ دەکەون و چەندین بەیت و دەقی کوردی چاپ و شرۆڤە دەکەن.[٢] دوکتۆر کەیوان پوورموکریش بە زمانی فارسی و فەڕەنسی خۆ لەم کارانە وەردەدا.[٣]

جیا لەو هەوڵانە، لێکۆڵینەوەی کوردی شایەدی دامەزرانی ناوەندی تاکەکەسی دەبێ، کە لە ئاستی جۆراوجۆردا دەبنە هۆی بەرەوپێش‌بردنی ویژمانی[٤] فۆلکلۆری کوردی. یەک لەو ناوەندە ناحکوومی و تایبەتی و تاکەکەسی‌یانە، ناوەندی «کۆمەڵەی کۆزانی کوردناسی»یە کە سەرەتای هەشتاکانی سەدەی بیستەم لەلایەن عوبەیدووڵڵای ئەییووبیانی مەرکەزی بۆ توێژینەوە لەسەر مژاری کوردناسی و مادناسی لە مەهابادێ دادەمەزرێ. ئەم ناوەندە بە دەرکردنی گۆڤاری مێژوویی-ئەدەبیی «سۆرانەی ئازادی» و نامیلکە و وتاری جۆراوجۆر، بایەخێکی باش بە میراتی زارەکی و فۆلکلۆری کوردی دەدا. جیا لەوە، دەبێ ئاماژە بە ناوەندێکی دیکەی تاکەکەسی و بنەماڵەیی بکرێ کە لە سەرەتای نەوەدەکان لە تاراوگە و لە وڵاتی نەمسا[٥]یە بناخەی دادەڕێژرێ و ئەویش پەڕتووکخانەی جاسمی جەلیلە لە ڤییەن[٦]ێ. ئەم پەڕتووکخانەش دواجار دەبێتە شوێنێکی شیاو بۆ لێکۆڵینەوەی کوردی بەگشتی و بواری فۆلکلۆر بەتایبەتی، بەجۆرێک کە ئەندامانی پسپۆڕ و پێگەیشتووی ئەم بنەماڵەیە وەکوو ئۆدیخانێ جەلیل (١٩٣٢-٢٠٠٧)، پرۆفیسۆر جەلیلێ جەلیل (ل. ١٩٣٦)، جەمیلە جەلیل (ل. ١٩٤٠) و زینا جەلیل (ل. ١٩٤٧) دەبنە جەمسەرێکی جێی سەرەنج لە کاری فۆلکلۆری کوردی (Yuksel, 2014).

---

١. عەبدولحەمیدی حوسێنی (سەپان) ساڵی ١٩٤٧ لە مەهابادێ لە دایک بووە. ناوبراو یەکێک لە پێشەنگانی بواری لێکۆڵینەوەی فۆلکلۆری کوردی‌یە بە شێوازی ئەکادیمیک لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا. حوسێنی نامەی ماستەری خۆی لە بەشی زمانە کۆنەکانی ئێرانی و مێژووی شارستانیی ئێرانی دێرین لەسەر بەیتی دمدم لە زانکۆی شیراز نووسیوە و چەندین وتار و توێژینەوەی زانستیشی لەسەر مژار و بابەتە فۆلکلۆری‌یەکان بڵاو کردووەتەوە. بڕوانە:

حسینی، عبدالحمید (٢٥٣٧). روایت هایی از منظومه حماسی دِمدِم. پایان‌نامە کارشناسی ارشد. دانشگاه پهلوی؛ موسسە آسیایی.

هەروەها. بڕوانە:

حوسەینی، عەبدولحەمید (٢٠١٧). دمدم و حەماسەی خانی لەپزێڕین؛ لێک‌دانەوە و هەڵسەنگاندنی چەند دەقێکی بەیتی دمدم بە شێوەزاری کورمانجی و موکریانی. سلێمانی: ئنستیتیوتی کەلەپووری کورد.

٢. لەو سەردەمەدا، کتێبۆکێکی سەرەتایی (وەرگێڕان، پیت‌گۆڕین و توێژینەوە)یش لەلایەن عەزیز ئیبراهیمی (١٩٤٠- مەهەباد). لەسەر قەڵای دمدم بە کوردی و فارسی بڵاو بووەتەوە، بڕوانە:

ئیبڕاهیمی، عەزیز (١٣٤٨). قەڵای دمدم و خانی لەپ زێڕین. مەهاباد: کتێبفرۆشیی سەیدییان.

٣. محەممەد موکری ساڵی ١٣٠٥ لە کرماشان لەدایک بووە و ساڵی ١٣٨٦ لە پاریس ماڵاوایی لە ژیان کردووە. لە ساڵی ١٣٢٢-١٣٢٣ وەک بەرپرسی بەڕێوەبەرایەتیی فەرهەنگ (پەروەردە)ی مەهابادێ دیاری دەکرێ و لە ١٣٢٤-١٣٢٤ دەبێتە دامەزرێنەر و یەکەمین سەرۆکی دائیرەی فێرکاریی عەشیرەتەکانی ئێران. ناوبراو چەندین پۆست و پلەی میری و زانستی دەبڕێ. وێڕای ئەوانە، کار لەسەر کۆکردنەوەی کەلەپوور و زمانی کوردیش دەکا. هەر دەربارەی موکری‌یەوە دەبێ بڵێین کە عوبەیدووڵڵای ئەییووبیان لە بیرەوەری‌یەکانی خۆی‌دا بە ناوی «کۆلکەزێڕینە؛ هەڵاوێژی» لە گۆشەنیگایەکی ترەوە باسی ناوبراو دەکا و لای وایە موکری وەک دەست‌پەروەردەیەکی مەکتەبی ڕەزا پەهلەوی و ڕێک‌خراوی پەروەردەکردنی هزرەکان (سازمان پرورش افکار)، لەژێر دەمامەکی کاری فۆلکلۆر، شتی تری بە دمەوە بووە و سەرچۆپی‌یەکەی بۆ لایەکی تر کێشاوە.

4. Discourse

5. Austria

6. Vienna

نەریتی لێکۆڵینەوەی میراتی زارەکی کەموزۆر لە بەشە جۆراوجۆرەکانی کوردستانێ بەردەوام دەبێ و هەرکەسەو بەگوێرەی توانست و بڕستی، بەری خۆی دەداتە کۆکردنەوە و نووسینەوەی دەقێک، بەیتێک، چیرۆکێک و حیکایەتێک. هەبووە وەک کارەکەی مەلا غەفووری دەباغی کە لە ڕێگەی هۆنینەوە مامەلەیەکی نەریتی‌یانە دەگەڵ پەندی پێشینیان کراوە و ئەمەش بووەتە هۆی ئەوەی کە بەشێکی زۆری ئەو میراتە لە لێواری هەڵدێری تووناببوون بگێڕدرێتەوە.[1] جاروبارەش، خەڵکانێک هەبوون بەهۆی زانینی زمانێکی ئەورووپی، خۆیەکیان لەقاندووە و دەقی کوردی‌یان بۆ سەر ئەم زمانانە وەرگێڕاوە و جیا لەوە، ئەوەی وا ڕۆژهەڵاتناسان کۆیان کردووەتەوە لە ئامێزی زمانی سەرچاوەیان هاویشتووەتەوە. لەم بارەوە، دەکرێ ئاماژە بە محەممەد ڕەیانی بکرێ کە لە کلکەی پەنجاکان «خەج و سیامەند»ی دەکاتە فەڕەنسی و لە زمانی فەڕەنسی‌شەوە «ئەفسانەی مەمی ئالان» و کتێبی «چیرۆکە کوردی‌یە کەونەکان»، کە ڕۆژە لێسکۆ کۆی‌کردبووەوە، دەکاتەوە کوردی (عمر، ۲۰۱۸. ص. ۱۰٦). تەها فەیزی‌زادەش لە سیپارەیەک‌دا کە بە فەرهەنگی «نۆبەرە» ناودێرە، تێی‌دا وێڕای ڕێزگرتن لە حەول‌ودەولی قامووس‌نووسانی کورد، ئایدیای دانانی فەرهەنگی زارەکی دێنێتە گۆڕێ و پێی‌وایە کە نەبوونی فەرهەنگێکی وەها بۆشایی‌یەکە لە کاری کوردی‌دا (۱۹۸۵. ل. ۵) و دەڵێ:

«یەکێک لەو کارانەی کە ئەوان پێی ڕانەگەیشتوون و بۆ ئێمەیان بەجێ‌هێشتووە کە سەری لێ بێشێنین و خەمی لێ بخۆین، وەدەرخستنی قاموسێکە کە نەک هەر وشەی مانا لێ دابێتەوە، بەڵکوو وشەی بردبێتە پاڵ وشەی دی بۆ سازبوونی زاراوە. ئەو زاراوانەش بە نیشان‌دانی وێنەیەک لە پێشینیان، بەیت، گۆرانی، لاوک، هەتەڵۆکە، مەتەڵ و قسەی نەستەق و هۆنراوەی شاعیران لێک درابێتەوە».

دەگەڵ ئەوەش‌دا، لەساڵی ۱۹۸٦ لێکۆڵینەوەیەکی بەراوردکارانە لەسەر داستانی «شێخی سەنعان» بڵاو دەکاتەوە[2] و لە ۱۹۸۸دا «فەرهەنگی وشە دووانەکانی کوردی» دادەنێ[3] کە ئەوانە هەر یەکەو بەجۆرێ دەبنە بناغەی کاری لێکۆڵینەوەی ئەدەبی زارەکی لە ڕۆژهەڵات. دەگەڵ ئەوانەش‌دا، دەبێ ئاماژە بە هەوڵێکی تر بکەین کە لەلایەن ئەحمەدی بەحری‌یەوە خۆی لە «گەنجی سەربەمۆر»دا دەبینێتەوە. هەر لەو سەروبەندەدا و لە داوێنی «تۆرە» و «کەپری» و «مەیدان‌چۆغە»وە، مەلا کەریمی هونەرمەند (فیدایی) دێتە سەر ڕێچکەی ئەحمەدێ خانی و بە

---

۱. بڕوانە:
حافزی مەهابادی، مەلا غەفوور (۱۳٦۲). دیاری مەهاباد. مەهاباد: کتێب‌فرۆشیی سەیدییان.
۲. بڕوانە:
فیضی‌زاده، طه (۱۳٦۵). در باره داستان عارفانه شیخ صنعان؛ گستردگی دامنه آن در ادبیات جهان بویژه در ادبیات فارسی، ترکی و کُردی (در همه لجهات). تبریز: افست تابش.
۳. بڕوانە:
فەیزی‌زادە، تەها (۱۳٦۷). فەرهەنگی وشەدووانەکانی زمانی کوردی.ورمێ: سەلاحەدینی ئەییووبی.

دەبەرکردنی بەرگی هەڵبەست بە باڵای حەماسەی «قەڵای دمدم» و ئەوینی «لاس و خەزاڵ»[١]، وەک داهێنەرێکی دەیندار لە ئاست نەریتی نەتەوەکەی دەجووڵێتەوە و بە نووسینی شاکاری «دمدمنامە»[٢] دەبێتە وەدیهێنەری خەونەکەی حاجی قادری کۆیی (٢٠٠٧، ل. 190) کە دەڵێ:

«بەیتی دمدم کە قەدری نازانن    پاکی سیحری حەڵاڵی کوردانن
وەکوو شانامە گەر بنووسرایە    لێت موعەییەن دەبوو چ وەستایە».

ئیدی هێدیهێدی کات تێپەڕ دەبێ، ئاگرودووی ئاوەدانییان دەبڕێ و خەڵک ڕوو لە شاران دەکەن. وردەوردە دەنگی خۆشبێژان خپ و خۆشخوانەکان بەتێکڕایی دەچنە شاری خامۆشان، ئیدی نە گوند بەیتبێژ[٣] و حەیرانبێژی[٤] لێ دەمێنێ، نە شار نەقاڵ[٥]. لەو هەلوهاتدایە کە لاوێکی مەهابادی بە ناوی سەلاحی پایانیانی دێتە کۆڕی تێکۆشەرانی بواری زمان و ئەدەبی کوردی و ڕەوتێکی نوێ دادێنێ و پڕۆژەیەکی مەزنی فەرهەنگی لە دار دەخا؛ پڕۆژەیەک بۆ کۆکردنەوە[٦] و بووژاندنەوە[٧] و بەرهەمهێنانەوە[٨]ی میراتی بنزاری موکری؛ کارێک کە خۆی تەنیا لە فەرهەنگدا نابینێتەوە، بەڵکوو وەکوو مژارێکی لێکگرێدراو و تێکچنراو، داگری دوو ڕەهەندی سەرەکییە، کە یەکیان هەڵگرتنەوە و نووسینەوە و بە دەقکردنە و ئەوی تریشیان، فەرهەنگنووسییە.[٩]

---

١. بڕوانە:
هونەرمەند، مەلا کەریم (١٣٨٠). لاس و خەزاڵ. مەهاباد: ڕەهڕۆ.
٢. بڕوانە:
هونەرمەند، مەلا کەریم (١٣٧٧). دمدمنامە. سەقز: محەممەدی.
٣. بۆ دیتنی ناوی بەشێک لە بەیتبێژەکان، بەتایبەتی بەیتبێژانی موکریانێ، بڕوانە:
فتاحی قاضی، قادر (١٣٤٥). سرآغاز: تذکره نام عدەایی از بیتسرایان و بیتخوانان، در: منظومه کردی مهر و وفا (متن کردی و ترجمه فارسی). دانشگاه تبریز: مؤسسه تاریخ و فرهنگ ایران. صص. ١٧-٣١.
٤. بۆ خوێندنەوەی ژیاننامە و بەسەرهاتی بەشێک لە حەیرانبێژانی دیوی گەرمێنێ، بڕوانە:
ئیسماعیل شێخانی، سەعدوڵڵا (١٩٨٨). سەربردەی کۆمەڵە حەیرانبێژێکی کورد. بەرگی یەکەم. بەغدا: چاپخانەی ئەسعەد.
٥. نەقاڵەکان پتر لە شارەکان بوون و شەوانە لە دووکان و قاوەخانان داستان و حیکایەت و بەیتیان بۆ خەڵکی گێڕاوەتەوە. ئەحەد ئەنجیری لە یەکێ لە دیوانەکانی خۆیدا باسی ناو و بەسەرهاتی نەقاڵانی مەهابادێ دەکا. بۆ زانیاری زیاتر، بڕوانە:
ئەنجیری موتڵەق، ئەحەد (١٣٧١). داشامەجید؛ سڵاو لە سابڵاغ. ناشر- مولف. لل. ٣٥-٣٦.

6. Collection
7. Revival
8. Reproduction

٩. ئاشکرایە کە لەو ماوەیەدا، کەسانێکی تریش لە هەموو بەشەکانی کوردستانێ دا هەبوون کە لەو مەیدانەدا کەموزۆر خزمەتیان کردووە و هەنووکەش بەردەوامن، بەڵام چونکە ئامانجی ئەم نووسینە لێکۆڵینەوەی بیبلیۆگرافییایی نیە، بەڵکوو جەختی سەرەکیی ئەو کارە تەتەڵەی پڕۆژەی پایانیانییە لە ڕەوتی تێکۆشانی فۆلکلۆری کوردی؛ بۆیە لێرەدا تەنیا کەسانێک بەسەر کراونەتەوە کە لە بواری مێژووییەوە ڕۆڵی پێشەنگایەتییان نواندووە و لە ڕێگەی بەرهەمە جیددییەکانیان شەقڵی خۆیان لە تەوێڵی ئەم بەشە لە لێکۆڵینەوەکانی کوردی داوە، بەڵام بەو حاڵەشەوە پێویستیی کارێکی ئەکادمیکی جیددیی پشتبەستوو بە تیۆرییەکانی فۆلکلۆر و مێژوو لەمەڕ ڕەوتی گووران و گەشەی بواری فۆلکلۆری کوردی بابەتێکی حاشاهەڵنەگرە و پێویستە پەیجۆرییەکی لەم جۆرە لە داهاتوودا بکرێ.

### ٤. لەنگەرێک لەسەر پرۆژەی میراتی بنزاری موکری

وەکی گوترا، لە درێژەی کاروانی دوورودرێژی خەباتی فۆلکلۆری و لێکۆڵینەوەی کوردیدا، کاری جۆراوجۆر و لە ئاستی جیاوازدا ڕووی خۆیان نواندووە و یەک لەو کارانەش پرۆژەی فۆلکلۆریستی کورد سەلاح پایانیانییە. پرۆژەی ناوبراو لە ساڵی ١٩٩٥ی زایینی دێتە سەر سوێگەی و هەنووکەش ڕووەو ئاسۆی ڕوون سەری لە سوێیە؛ پرۆژەیەکی چەندڕەهەندی و ڕەسەن و دەگمەن، کە دەکرێ لەلایەک وەک میراتگری بەرەی پێشوو سەیری بکرێ و لەلایەکی دیکەنڕا بخرێتە خانەی ئافراندن لە لێکۆڵینەوەی فۆلکلۆری کوردیدا. بە واتایەکی دیکە، پایانیانی لەو زنجیرەکارەیدا وەک بەشبەرێکی بەئەمەگی بەرەی گۆڕین هاتووەتە دەست و دەستی داوەتە کارێکی بێئامپا لە مێژووی کاری کوردیدا، کە خۆی لە دوو ڕەهەندی جیاوازدا نیشان دەدا و ئەوانیش لە خوارەوەدا دێنە بەر باس.

#### ٤-١. ڕەهەندەکان

##### ٤-١-١. دابەزاندن

لەلایەنی تۆمارکردن و دابەزاندندا، پایانیانی کەوتووەتە سەر بازی پارێزگاری لە میراتی نەتەوەیی و لەم بارەوە بووەتە ڕێونگی ڕێگەی خەباتی ڕێبوارانی فۆلکلۆریک و فەرهەنگی کوردی؛ ڕێ و بازێک کە هەر لە سەرەتاوە لە جەختی جەمکردنەوە و نووسینەوەی میراتی بەجێماودا بووە و زۆربەی تێکۆشەرانی بواری فۆلکلۆریکیش هەر لەم هەوارەدا تاوڵی خۆیان هەڵداوە و ئەسپی خۆیان تاو داوە.

لەو بوارەدا، ئەگەرچی دابەزاندن و بە دەقکردنی کارەکان جۆرێک سەرچنکردنی بەروبۆی ڕابردووییە، بەڵام ئەوە نەبێ کوا دەکرێ لەوە زیاتر شێو کرێن و وەرد بدرێنەوە؛ بۆیە ئەگەر گۆرانی، بەیت، حەیران، مەتەڵ، پەندی پێشینان و هتد نەیەنە سەر پەڕاوان، کوا بواری پەڕینەوەیان بەرەو دورگەی لێکۆڵینەوە و داهێنان بۆ دەرەخسێ. کەوابوو ئەم پرۆژەیە، بە شێوازێکی لۆژیکی هەنگاوی تێکەڵ بەم مژارە کردووە. بەڵام دەبێ بزانین لێرەشدا، هۆی داوەتەوە و جەوهەری خۆی پێشان داوە؛ چونکە ناوبراو بە بەسەرکردنەوەی کاری سەردەقنەشکاو و لەبیرکراو و پەراوێزخراو ـ لانیکەم لە کوردستانی ئێرانیدا ـ بووەتە هۆی بەرزبوونەوەی ئاستی کاری فۆلکلۆریک و بەبێ مەرایش دەتوانم بڵێم ئەگەر ناوبراو لای لەو بوارانە نەکردبایەوە، بەشێکی زۆری ئەو میراتە زارەکییە دەفەوتا؛ چونکە ئەو کەسانەی وا کارەکانیان لێ تۆمار کراوە، دوایین جیلی هەڵگری ئەو میراتە بوون. دەسەر ئەوانە، ژنانیش لەبیر نەکراون کە وەک تیپ و توێژێکی لاپەڕ و دواخراوی کۆمەڵی کوردەواری، سەرەڕای ئەوەی کە لە ئەدەبی زارەکیی کوردیدا سەرێک بوون لەنێو سەراندا، لێ کەمتر بەدانستە ئاوڕێکی بەخێریان لێ دراوەتەوە. مەردئازاییی دانەری پرۆژەکە لێرەدا ئەوەیە کە ناوبراو لە کوردستانی ئێرانیدا بەشێوازێکی جوان وێژەی ژنانی هێناوەتە بەرباس و مژاری ئەدەبیاتی زارەکیی

ئەوانی[1] وەگەڕ خستووەتەوە و بووەتە دەنگی ژنانی کپ‌کراوی ئەم بەشە لە نیشتمان بەجۆرێک کە لە ئاستی ئەو بەشەدا، کەوتووەتە تۆمارکردنی فۆلکلۆری ژنان، وردەقامی کچان، بالۆرە، حەیرانی ژنان، لاواندنەوەی منداڵان. وێڕای ئەوانە، ئەدەبی زارەکیی منداڵانیش وەباو دەخاتەوە.[2] لە کاری ئەدەبی زارەکیی منداڵانی موکریانێ‌دا، کە لە دوو بەرگ‌دا ئامادەکراوە، لەلایەک، دەست کراوە بە کۆکردنەوە و دابەزاندنی هەڵبەست و هۆنراوەی زارۆکان و لەلایەکی ترەوە، چیرۆک و حەکایەتی منداڵانی ئەم بەشەی کوردستانیی تێ‌دا تاپۆ کراوە.

## ٤-١-٢. داهێنان

پایانیانی هەر بە تۆمارکردن و نووسینەوە و چاپ‌کردنەوە و ناساندنی میراتی فۆلکلۆریک ڕانەوەستاوە، بەڵکوو لەسەر بنواشەی ئەم کارانە، دەرکە و دەروازەیەکی نوێی بە ڕووی ئەم مژارەدا کردووەتەوە. لێرەدایە کە دەبینین دیاردەیەکی نوێ بۆ یەکەم جار بەو شێوەیە لە دڵی لێ‌کۆڵینەوەکانی فۆلکلۆریکی کوردی پێ دەنێتە سەر ڕووی دنیایە. ئەم دیاردەیەش فەرهەنگێکی زارەکی‌یە؛ فەرهەنگێک کە تەنیا و تەنیا خۆی بە ڕابردووە خەریک ناکا، بەڵکوو پشت‌بەستوو بە ڕابردوو، داهاتووش دێنێتە بەر چاوان. ناوبراو لێرەدا هاتووە ئەو وشە و وتە و ڕستانەی وا لە ڕاوێژی ڕۆژانەی خەڵکی بەشێکی کوردستانێ، واتە مەڵبەندی موکریانێ دەکار دەکران و ئەمڕۆکە لەژێر تەپ‌وتۆزی ژیانی نوێ‌دا ون بوون، دەژێنێتەوە و بە چنینەوەی گوڵی گوڵزاری ئەو بەشە لە نیشتمان و تۆمارکردنیان لە دوو توێی فەرهەنگ‌دا ئیمکانێکی نوێ دەدۆزێتەوە بۆ پاراستن و پێش‌بردنی زمان و چاندی کوردی؛ ئیمکان و دەرەتانێک بۆ ژیانەوە، لەپێناو مانەوەدا.

ئەم داهێنانە لە لێ‌کۆڵینەوەی فۆلکلۆریکی کوردی‌دا، وێڕای ئەوەی کە وشە و داڕشت و مانای مەیل‌نراوی ئەو مەڵبەندە دێنێتەوە یاد و واتاکانیان لێ دەداتەوە و شی‌یان دەکاتەوە، لایەنێکی تریشی هەیە و ئەویش دەگەڕێتەوە سەر لایەنی کۆمەڵایەتیی خودی فەرهەنگ‌نووسی. لەو بوارەدا، پایانیانی سەری خەزنەی زمانیی خەڵکی خێڵەکی و دەشتەکی لابردووە و بەو کارەی وێڕای ئەوەی خزمەتێکی مەزنی بە زمان کردووە، بە تۆمارکردنی زار و ڕاوێژی ئەم چینە لە کۆمەڵگای کوردی، ئەوانی لە پەراوێز هێناوەتە دەرێ و داینیشاندوونەتە سەر جێگەی و پێگەی شیاوی خۆیان. جیا لە بواری وشە و وتە، دەبێ ئاماژە بە بابەتێکی تر بکرێ کە لەو پڕۆژەیەدا فەرهەنگیان بۆ ساز کراوە. ئەوانیش یەکیان مژاری کەرەستە و ئامێرە

---

١. بڕوانە:
پایانیانی، سەلاح (١٣٩٣). ئەدەبیاتی زارەکیی موکریان: بەشی ژنان. مەهاباد: هیوا.

٢. بڕوانە:
پایانیانی، سەلاح (١٣٨٩). ئەدەبیاتی زارەکیی منداڵانی موکریان. مەهاباد: هیوا.
پایانیانی، سەلاح (١٣٩٣). ئەدەبیاتی زارەکیی موکریان: بەشی منداڵان. مەهاباد: هیوا.

فۆلکلۆرییەکان و دەستەواژە و زاراوەکانی پێوەندیدار بەوانە، کە لە هەنگاوی یەکەمدا خۆی لە فەرهەنگی جلوبەرگی ژناندا دەردەخا، واتە بوارێکی تر کە لە پرۆژەی ناوبراودا وەبەرچاو دێ، مژاری کەرەستە یا ماتریالی فۆلکلۆرە، یانی ئەم شتومەکەی وا پێشتر لەلایەن خەڵکەوە بەکار هاتووە و ئێستاکانێ دەکارکردنیان لە کزیی داوە، یا فەوتاون.[1] ئەوی تریشیان، دانانی فەرهەنگی پێوەندیدار بە خواردنی ئەو مەڵبەندەیە کە خۆی لە فەرهەنگی خوردوخۆراکدا دەبینێتەوە.[2]

لەوانەش بترازێ، فەرهەنگی زارەکیی موکریان هێندێک تایبەتمەندیی گشتیی هەیە کە ناوی هێناوەتە نێو ناوان. ئەمەش دەگەڕێتەوە سەر ڕەچاوکردنی ڕچە و ڕێبازی فەرهەنگنووسیی نۆژین و نوێباو و پێبەندی بە پێوانەکانی زانست و ئەخلاقی نووسین و تۆمارکردنی ناوی سەرچاوەکان[3] و هەروەها، پڕوپەرداخت بوون و داگروبەرگربوونی[4] کارەکە. هاوکات، هێندێ وردەکاریی دیکەشی تێدایە کە هەتاکوو ئێستا لە مێژووی فەرهەنگنووسیی کوردیدا ئەو جۆرەی کە پێویستە وەبەرچاو نەگیراوە.

## ٤-٢. کارکردەکان

وێڕای ئەو تایبەتمەندییانەی وا لە سەرەوەدا هاتنە بەرباس، فەرهەنگی زارەکیی موکریان چەندین کەڵکوکاری دیکەشی هەیە و دەکرێ لەژێر ناوی کارکردە گشتییەکان ئاماژەیان پێ بکرێ، کە ئەوانیش بریتین لە:

---

١. بڕوانە:
پایانیانی، سەلاح، نوورانی، لەیلا (١٣٩۴). فەرهەنگی جلوبەرگ و خشڵوخاڵی ژنانی موکریان. مەهاباد: هیوا.

٢. بڕوانە:
پایانیانی، سەلاح (١٣٩٧). فەرهەنگی زارەکیی موکریان: خورد و خۆراک. مەهاباد: سەرای هێمن.

٣. ئەگەرچی لەسەر ئەوەی کە داخوا فۆلکلۆر دانەرەکەی ناسراوە، یا نەناسراو. یا بە واتایەکی تر داخوا ئەوەی دانەرەکەی ناسراو بێ دەکەوێتە خانەی فۆلکلۆر یان نا، مشتومڕی لەسەرە و ئەو مژارە لەلایەن کوردیشەوە هاتووەتە بەر باس. بۆ نموونە مەسعوود محەممەد لە وتارێکدا کە وختی خۆی لە گۆڤاری بەیاندا بڵاوی کردووەتە، باوەڕە گشتییەکان لەمەڕ پێوانەکانی فۆلکلۆر ڕەد دەکاتەوە و لای وایە زۆرجار شتێک دانەریشی دیارە و بووەتە فۆلکلۆر، کەچی پێچەوانەکەشی هەبووە؛ کەوابوو ڕەنگە لێرەدا بۆ کەسی کۆکەرەوەی میراتی فۆلکلۆریک ئەستەم بێ لە بنجوبناوانی دانەرەکان بکۆڵێتەوە، بەڵام خۆ دەگونجێ ئەگەر بەیتێک، وشەیەک، وتەیەک، گۆرانییەک، مەتەڵێک و هتد تۆمار دەکا، ئاماژە بەو سەرچاوەیە بکا کە لێی وەرگرتووە و بەم جۆرە لەلایەک کارەکەی دەگەڵ پێوانەکانی ئەخلاق و زانست ڕێک بخا و لەلایەکی ترەوە، ناوی سەرچاوەکان لە فەوتان ڕزگار بکا و بەم جۆرە مێژووی کاری فۆلکلۆریک دەوڵەمەند بکا. بەو حاڵەشەوە و دەگەڵ زانینی ئەو ڕاستییانەش، هێندێک کەس نەک تەنیا ئەو ڕێسایەیان ڕەچاو نەکردووە، بەڵکوو پێچەوانەکەشی هەنگاویان ناوەتەوە کە ئەوەش دەکرێ وەکوو خەسارێک بۆ بواری لێکۆڵینەوەی فۆلکلۆری کوردی بێتە ئەژمار، بەڵام ئەمە لە کارەکانی پایانیانیدا بە شێوازێکی ترە و ناوبراو لە بەرهەمەکانیدا جیا لەوەی ئاماژەی بە سەرچاوەی شتەکان کردووە، تەنانەت لە ئاخری بەعزە کارێکیدا وێنەی سەرچاوەکان و ژیاننامەکانیشی تۆمار کردووە، کە ئەوە جیا لە زانستیکردنی پڕۆژەکە، دەبێتە سەرچاوە و سەرەداوێکی باش بۆ نووسینەوەی مێژوو و سەربردەی ژیانی بەیتبێژ، حەیرانبێژ، نەقاڵ و خۆشخوانی ئەم مەڵبەندە.

4. exhaustive

### ٤-٢-١. کارکردی ئەدەبی

خوێنەر بە هەڵدانەوەی لاپەڕەکانی فەرهەنگی زارەکیی موکریان، خۆی لەنێو خەزنەیەکی سەربەمۆری وشە و وتە و واتادا دەبینێتەوە، کە ئەمڕۆکە بەشێکی زۆریان لە ژیانی ڕۆژانەدا وەلانراون و تۆزی غەریبی‌یان لەسەر نیشتووە؛ وشە و ڕستەیەک کە ئەگەر بێتوو سەرلەنوێ لە ئاخاڤتنی ڕۆژانە و لە پەڕاو و پەڕتووکاندا دەکار کرێنەوە، ڕەنگ‌بێ بەشێک لە کێشەی کوردیی نێوەڕاست بۆ بەرەوڕووبوونەوەی تێگەی نوێ چارەسەر بێ و زمانی کوردیی نێوەڕاستیش بەرەو ئاستێکی تر هەڵکشێ. هەروەها، نووسەران و وەرگێڕانی کوردیش دەتوانن بەگوێرەی نیازیان، گوڵی خۆیان لەم گوڵجارە ڕەنگامەیە دەستەچن بکەن و بیدەن لە بەرۆکی کارەکانیان و دەقی کوردی پێ وەگورد بێننەوە.

### ٤-٢-٢. کارکردی زمانی

زمانەوانان و توێژەرانی بواری زمانەوانی دەتوانن بۆ لێکۆڵینەوەکانیان لەسەر زمانی کوردی و ئەو ئاڵوگۆڕانەی کە هەنووکە لەو زمانەدا هاتووەتە ئاراوە، ئەم بەرهەمە بە ماک بگرن؛ چونکە ئەو فەرهەنگە دارماڵە لە دەیتا و زانیاری لەمەڕ وشەکان، بازنەی پێوەندیی ئەوان و مانای خوازە و مێتافۆرەکان. بەدەر لەوانە، ئەم فەرهەنگە سامانگەیەکی سەردەقنەشکاوە بۆ ئەوانەی ئارەزوویان بۆ پێکەوەنانی زمانێکی پڕزەدار دەجووڵێ؛ چونکە ئەو فەرهەنگە نوێن‌گەی توانست و ماتەوزە[1]ی بن‌زارێکە کە خاوەنی هێندێک تایبەتمەندی‌یە وەکوو فرت‌وفەراوانیی بازنەی وشەکان، کەم‌تربوونی کارتێکەریی زمانی دەرەکیی بەسەریدا و نیشانەی نێر و مێ (حاجی مارف، ١٩٧٩).[2] جیا لەوە، دەکرێ بەشێک لە وشەکان لە دەقی نوێدا دەکار کرێن و بەشێکی تریشیان لە واتای تازەدا کەڵکیان لێ وەرگیرێ.[3]

---

1. Potential

٢. بۆ نموونە «ێ» لە ئاخری جینسی مێ دێ وەک:
ئەمن دەزانم خان ئەحمەد دەگەڵ یایە زین«ێ» لە دیوان«ێ» خەوی لێ کەوتووە، / لەوێ چاوی بە خەزاڵ«ێ» مەلانەبی‌یان کەوتووە،/ خان ئەحمەد خان شکا، چوو بۆ کن ئەستەمبووڵ«ێ».
بۆ جینسی نێریش «ی» لە ئاخری ناو دێ. وەکوو:
قاسید سبحەینێ هەستا، دەرکیان لێ کردەوە چوون کن خان«ی»، / ڕێوی‌یەک چووە کن کەڵەباب«ی» و / لەسەر کۆشکی کاکەمەم«ی»/ گوتی دەتانبەمە کن سوڵتان«ی».

٣. پێش‌تر، ئەم میکانیزمە ئاگایانە یا نائاگایانە ڕەچاو کراوە. بۆ نموونە، وشەیەکی وەکوو «کۆمار» کە لە کۆی ماران (مالان)ی ژیانی کۆچەرێتی‌ڕا دێ، هەنووکە بۆ شێوازی دەستەڵاتداریی «جەمهوری» بەکار دێ. یا وشەی «بوار» ئێستاکە بووەتە هاوواتای دەرفەت لە کایەی سیاسی و کۆمەڵایەتی‌دا. هەر بەم جۆرە، وشەی وەک «ڕەهەند»، «بەستێن»، «لێژنە»، «ڕامیاری»، «پسپۆڕ»ە هتد کە ڕیشەیان لە کۆمەڵگای ئاژەڵداری و خێڵەکی‌دایە، ئێستاکە واتای نوێیان لێ بار کراوە و بوونەتە هۆی ئەوەی کە زمانی کوردیی حەوجەی زۆری بە زمانی تر نەبێ.

### ٤-٢-٣. کارکردی فێرکاری

فەرهەنگی زارەکیی موکریان بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ قوتابخانەیەکە بۆ پەروەردەکردنی زەینی ئەدەبیی[1] کوردی، بەجۆرێک کە مرۆڤ و بەتایبەتی جیلی ئەمڕۆکانێ لە ڕێگەی ئەم فەرهەنگەوە دەتوانێ ئاستی زمانی کوردی خۆی بەرز کاتەوە، بەو مانایە کە لەلایەک لە ئاستی ناسین دا، دەتوانێ گوردی خۆی لە وشەکان بگرێ و فێریان بێ. هەروەها، مەیلی بەرەو وشە و داڕشتی کوردیی بجوولێ. ئەوانەشی دەگەڵدا بێ، فێری ئەوەش دەبێ کە چلۆن و بە چ شێوەیەک دەکاریان بکا و دەقی نوێیان پێ بەرهەم بێنێ. بە واتایەکی دیکە، فەرهەنگی ناوبراو لە هەردووک واری پێداگۆژیک[2] و ئاندراگۆژیک[3]، واتە چ بۆ منداڵان و چ بۆ گەورەساڵان ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ دەقێکی فێرکاریی‌یە کە ڕێنوێن و ڕێنیشاندەرە بۆ فێربوونی وشە، ڕستە و ڕستەبەندیی ڕەسەنی کوردی، بەجۆرێک کە فێرخوازی زمانی کوردی لە ڕێگەی ئەو فەرهەنگەوە تێدەگا کە چلۆن و چۆن‌چۆنی وشەکان لێزگە بکا و بە چ بارێکیشی‌دا ڕستەکانی داڕێژێ بۆ ئەوەی تەرازی یەکدی بن. جیا لە فێربوونی وشە و وشەدووانەی کوردی، ئەم فەرهەنگە دەرتانێکی تر دەکاتەوە بۆ ئەوەی فێرخواز هەگبەی زانستی خۆی بە مەتەڵ، پەند و ئیدیۆم و هتد بئاخنێتەوە، کە ئەمەش دەبێتە هۆی هەڵکشانی زیاتر بەرەو لوتکەی زانیاری و زانستی چاندی و وێژەیی. بەپێی ئەوەی گوترا دەکرێ بڵێین ئەم فەرهەنگە ئاواڵی ئەوانی دی نیە و بۆیەشە کە ناکرێ تەنیا و تەنیا لەو کاتەی وا خوێنەر لە وشەیەک‌دا حاسێ دەبێ، هانای بۆ بەرێ؛ کەوابوو دەشێ وەکوو کتێبێک سەیر بکرێ بۆ پێ‌گەیاندن و فێربوون؛ چونکە ئەوەی وا لەو خەزێنەیەدایە، تاقوواز نەبێ دەنا کوا نیگای مرۆڤ لە شوێنی دیکەدا تێیان هەڵدەنگوێ و وا دەکا پیاو وەدووی واتایان کەوێ.

### ٤-٢-٤. کارکردی ئەنترۆپۆلۆژیک

بەو پێیەی کە فۆلکلۆر سەرچاوەیەکی قووڵە بۆ هەڵێنجانی زانیاری لەمەڕ توێژینەوەی ئەنترۆپۆلۆژی و ئێتنۆگرافی و فۆلکلۆری کوردیش بەشێکی دانەبڕاوە لە ژیانی نەتەوەی کورد و هەرچەندی بکەی و بکرێنی ناتوانی ژیانی کوردان لە فۆلکلۆر و ئەدەبی زارەکیی ئەوان هەڵاوێری (Rohat,1994) و جیا لەوە، لەبەر ئەوەی کە فۆلکلۆر و میراتی زارەکیی کوردی، هاوکات ئاوێنەی باڵانوێنی ئەدەب و مێژوو و فەلسەفەی ڕۆژانەی خەڵکی کوردە (Allison, 2010,p.36) و هەروەها، «ڕەنگدەرەوەی ژیان و ئازار و ئەوین و قین و وێنای کۆشش و کۆڵنەدانی کوردە لە بەرانبەر ئەو هێزانەی وا لە دەرەوەی ئیرادەی ئەودان و پێشاندەری ئەدگار و دیمەنی پێوەندی‌یە کۆمەڵایەتی‌یەکانیشێتی» (رسول، ص.٢٨)، ئەو

1. Literary Mind
2. Pedagogic
3. Andragogical

ڕاستی‌یەش بۆ فەرهەنگی زارەکیی موکریان وەڕاست دەگەڕێ کە لە یزدانی فۆلکلۆردا گووراوە؛ بۆیە ئەم فەرهەنگە دەتوانێ ژێدەرێکی باش بێ بۆ ئەوانەی وا بە مێتۆدی زانستی دەیانهەوێ لەسەر ئێتنۆسی کوردیی کەندوکۆژان بکەن و لایەنە جۆراوجۆرەکانی لێک‌دەنەوە. دەگەڵ ئەوانەش، دەتوانن لە ڕێگەی ئەوەوە بەشێوەی ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ زانیاریی زەنگین لەسەر ئەزمونی مێژوویی، تێ‌گەیشتنی گشتی، باوەڕ و ئایدیۆلۆژی‌یەکان و داهێنانی نێوکۆییی کوردان لە مەڵبەندی کەونارا[١] و مێژوویی[٢] و زاگەی بەیت و حەیرانان[٣] وەدەست بخەن، بەو مانایە کە مرۆڤ دەتوانێ لە ڕێگەی ئەم فەرهەنگەوە، سەرەداوان بگرێتە دەست و شوێن‌پێ‌یان هەڵگرێ و وەدووای باری ژیان، بیروباوەڕ، ئایدیا، مێنتالیتی و شێوازی ڕوانینی خەڵکی ئەو مەڵبەندە بکەوێ و بە ناخی ژیان و خەبات و خەم و خۆشیی‌یەکانی ئەواندا شۆڕ بێتەوە. ئەو بەپێی ئەو ناوونیشان و سەرەداو و بیروباوەڕانەی وا لەو کارەدا دەیانبینێ، دەتوانێ گەلێک زانیاری لەمەڕ چۆنێتیی ڕوانینی خەڵکی ئەو مەڵبەندە لەسەر خوا، خود، سروشت و ئەوانی تر هەڵکرێنێ.

## ٥. ئێستا و داهاتووی پرۆژەی میراتی بن‌زاری موکری

ئەم پرۆژەیە جگە لە ڕەهەندی دابەزاندنی میراتی زارەکی بۆ سەر ڕووپەڕان، کە لە ئاستی داهێنانیش‌دا خۆی لە دانانی فەرهەنگێکی زارەکیی ناوازەدا دیوەتەوە، پشت‌بەستوو بە ڕابردوو

١. بۆ باسێکی سەرەتایی لەسەر ئەم مژارە بڕوانە:
پدرام، محمود (١٣٧٣). تمدن مهاباد: از قلعه دم‌دم تا تخت سلیمان. نشر هور.
٢. بۆ هێندێک باس لەسەر مێژووی مەڵبەندی موکریانێ، بڕوانە:
حوزنی، حسێن (١٩٣٨). کوردستانی موکریان یا آتروپاتین؛ لە سەرەتای تاریخەوە هەتا سیف‌الدین موکری. چاپی یەکەم. ڕەواندز: مطبعەی زاری کرمانجی. هەروەها، بڕوانە:
ڕۆژبەیانی، محەممەد جەمیل (١٩٩٢). فەرمانڕەوایی موکریان. بەغدا. دەزگای ڕۆشن‌بیری و بڵاوکردنەوەی کوردی.
٣. ئەگەرچی ئەوە سەلمێنراوە کە موکریان شوێنی لە دایک‌بوونی بەیتە، بەڵام ئەم شتە لەمەڕ حەیران کێشەی لەسەرە. بۆ نموونە، د. مارف خەزنەدار لای وایە کە حەیران لە مەهابادەوە هاتووەتە دەشتی هەولێرێ و خالید جوتیاریش هەر لەسەر ئەم ڕایەیە. ڕوانگەی دووهەم کە کەسانێکی وەک ئەسعەد عەدۆ، غەفوور مەخمووری و جەمیل سنجاوی و بەدران ئەحمەدی لە پشتە ئەوەیە کە دەشتی هەولێرێ بەتایبەتی مەخموور و قەراج و کەندێناوە شوێنی گوورانی حەیرانییە. تەنانەت لەم بارەوە کەسانێکی وەکوو بەدران ئەحمەد هاتوون و ناوی یەکەم حەیرانبێژیشیان هێناوە کە ئەویش شوانی گوندی گاوەرە و ناوی «حەمەد حەیران» بووە. ئەم دوو ڕوانگەیە هەتا ئێستا هەیە و هێندێکیش بۆ سەلماندنی ڕای یەکەم لەسەر ئەو باوەڕەن کە ناوچەکانی دەشتی هەولێرێ وەختی خۆی چوول بوون و حەیران لە ڕێگەی عەشیرەتی دزەیی کە لە ڕۆژهەڵاتەوە بەرەو باشوورێ کۆچیان کردووە، پەلی هاویشتووەتە دەشتی هەولێرێ. جیا لەوانە، هێندێ کەس وەک د. ڕەهبەر مەحموودزادە لایان وایە مادام کە بەیت لە موکریانێ هەڵقوڵاوە و حەیرانیش لە بەیت جیا بووەتەوە، کەوابوو جیا لە فاکتە مێژوویی و فەرهەنگی‌یەکان، لۆژیکی‌یە کە حەیرانیش لە موکریانێ سەری هەڵدابێ. بەڵام ئەوەی لێرەدا گرینگە و دەبێ بیزانین ئەوەیە کە موکریان هاوینەهەوار و دەشتی هەولێرێ پاییزەهەواری هۆز و عەشیرەتی ئەوێ سەردەمێ بوون و خێڵاتی ئەو دوو بەشە لەنێوان ئەو دوو ناوچەیە بەردەوام لە گەرمێن و کوێستانێ‌دا بوون و ئەو دوو مەڵبەندە وەختی خۆی لە زۆر شت‌دا هاوبەش بوون و وەک ئێستا لێک دانەبڕا بوون؛ کەوابووو ئەوەی ئێستا گرینگە حەیران لە هەردوو مەڵبەند هەیە. بۆ باس لەسەر ئەم مژارە، بڕوانە:
سنجاوی، جەمیل (٢٠١٠). حەیران و چەند بۆچوونێکی تر. هەولێر: سەنتەری ڕۆشن‌بیری و هونەریی قەرەچووغ.
مەحموودزادە، ڕەهبەر (١٣٨١). پێکهاتەی بەیتی کوردی. ورمێ: سەلاحەددینی ئەییووبی.

بووەتە کارێکی نرتونوێ لە مێژووی لێکۆڵینەوەی کوردیدا. ئەمەش بە سەراسوێیی سەرجەم ئەو کارانەی هەتاکوو ئێستا ڕەعەمەل هاتوون و هەروەها، بە سەیری سەرناوی سەرپاکی ئەو بەرهەمانەی چ لە بواری فۆلکلۆر و چ لە واری فەرهەنگنووسیی کوردیدا[1] لەنێو کتێبنامە و بیبلیۆگرافییاکاندا تۆمار کراون، دەردەکەوێ کە هەتا ئێستا لفەودووانەی «فەرهەنگی زارەکیی موکریان» پێی نەناوەتە سەر گۆی زەوی و چاوی بە دنیای ڕوون نەپشکوتووە؛ بۆیە نە دەکرێ ئەم کارە بچێتە بەراوردکێی هیچ شتێکی تر و نە هیچ فەرهەنگێکی دیکەشی بخرێتە پارسەنگی؛ کەوا بوو دەبێ چاو لە ڕێی هاتنی کارێکی هاوشێوە بین و جا ئەو کاتی باس لە پێکگرتن و سەنگاندنێ بکەین.

خاڵێکی دیکەی گرینگ ئەوەیە کە تێپەڕاندن لە فەرهەنگنووسانی تر، نە فەلسەفەی فەرهەنگیی زارەکیی موکریان بووە و نە داخوازی دانەرەکەی، بەڵکوو ئەوە سازوسەودای سەلاحی سەوداسەری جیهانی وشەی کوردییە، کە دەیکاتە پارێزەرێکی ئەم جیهانە و شوورەی بۆ هەڵدەبەستێ و چەپەرانی بۆ دادەبستێ هەتا لەوەی زیاتر ئەم زمانە بە ئاگری مەنجەنیقی دەوروپشتی نەسووتێ و بە کوچکی چوارتەنیشتی لەوە زیاتر نەچڕژێ؛ بۆیە بۆی وەباژوور دەکەوێ و دەکەوێتە گردوکۆی وشە و وتە و حیکایەت و گۆرانی و وردەقامان و لەو پێناوەدایە کە هەواران بە سەر دەکاتەوە، سەر دەبەر هۆبان دەنێ و دۆڵاب و لاپانک و لامێردان دەپشکنێ. لە شاریشدا، بێتوو قەوانێک، شریتێک، یاخود پەڕاو و پەڕتووکێک بوو‌بێ و بۆنی وشەیەکی ڕەسەنی کوردی لێ هاتبێ، کەم هەبووە بواردبێتی و بە قوتاری دابێ. هەر بۆ ئەم مەبەستە بووە، کە بۆ تۆمارکردنی وشەیەک و وتەیەک داوێنی خەڵکی باداوە و گەلێ جارانیش لێیان کردووە بە چەموخەم و شیلەوپیلە[2]، کەچی بەم حاڵەشەوە قەت نەبووە، بۆڕی خواردبێ، یا ئەوەی کە تەمای دۆڕابێ و ڕایەڵوپۆی ئاواتەکانی ئاڵۆزکابێ، بەپێچەوانە زیاتر لە جاران بۆی تێهەڵچووەتەوە و وەک دڵدارێکی دڵدۆڕاو دەستی لە دڵئەستێنێ هەڵنەگرتووە و لەگوێن داژدارێکی دەیندار دابی گەلەکەی ڕێبازی تێکۆشەرانی بواری فۆلکلۆری بەرنەداوە و دەروەستانە ئەو ڕچەیەی کوتاوە.

وەکی بینرا، دوێنێ پایانیانی چەندی کڕوکاش کردووە و چەندە کەوتووەتە کەندوکۆیە هەتا ئەمڕۆکە کارەکانی بگەنە حاسڵاتێ، بەڵام نابێ ئەوەشمان لەبیر بچێ کە ئەمڕۆش بەردی بناغەی داهاتوویە؛ بۆیە پێویستە قەفی زنجیری دوێنی و ئەمڕۆ و سبەی نەپسێ و ئەسپی ئاواتەکانی پڕۆژەکەش لێرەدا نەچەقێ و وشتری ویستەکانیشی لێرەکانێ یخ نەدرێ، بەڵکوو پێویستە بە

---

١. بۆ سەیرکردنی سەردێڕێ بەشێک لەو فەرهەنگە کوردییانە، بڕوانە:
حاجی مارف، ئەوڕەحمان (١٩٨٨). فەرهەنگنووسی. لە: قاموسی زمانی کوردی. چاپی٢. ورمێ: سەلاحەدینی ئەییووبی.

٢. لەم بارەیەوە پایانیانی لە نامەیەکی خۆیدا کە لە ساڵی ٢٠١٤ بۆ د. ئەمیری حەسەنپوور (١٩٤٣-٢٠١٧)ی نووسیوە نموونەیەک لە بەسەرهاتەکانی خۆی و ئەو کەندوکۆسپ و گیروگرفتانەی لە میانەی کاری مەیدانیدا وەبەری هاتووە، هەڵدەڕێژێ، بڕوانە:
حەسەنپور، ئەمیر (١٣٩٣). پێشەکی، لە: ئەدەبیاتی زارەکیی موکریان - بەشی ژنان. مهاباد: ناشر - مولف.لل.٢٦-٢٩.

خۆش‌بەزی و بە زرک‌وزینگ باژوێ و ڕەوتی ئاژوانی خاو نەبێتەوە. حاسڵ‌بوونی ئەم مزارەش نە لە ڕێگەی بەباداکردنی کای کۆن و نوێی فڵانە فەلسەفەوان و فیسارە زمانەوان لەسەر گرینگیی زمان، دەستەبەر دەبێ و نە گوێڕاداشتنیش بۆ توانج و قسەی سایکۆلۆژیکی بە ناو ڕەخنەگران شتێکی لێ شین دەبێتەوە، بۆیە لەجیاتی خۆخافڵاندن بەم کایەگەلە، ئەم پرۆژەیە کار و کۆڵنەدانی هەتاسەر و کوتانی ڕچەی زانستیی پێویستە؛ چونکە گەورەییی ئەم کارە وەک ڕۆژی ڕوون دیارە، ئیدی مەگەر مرۆڤ چاوی دیتنی ڕاستی‌یەکانی نەبێ. هەروەها، گرینگیی زمان و ئەدەبیش بۆ نەتەوە هێندە قسەی لەسەر کراوە، کە هەنووکە باسێکی سوواوە و لەوە زیاتر نایەوێ باریکانی بۆ برێسرێ؛ بۆیەکانێ جا چ خۆمان لەنێو بیرۆکەی پێش-مۆدێرنیستەکان[1] ببینینەوە، یا بەردی مۆدێرنەکان[2] لە سینگ بدەین و یا ئەوەی کە بە ئێتنۆسێمبۆلیسم[3]ەوە بنووسێین[4]، ئاشکرایە کە زمان کۆڵەکەیەکی سەرەکیی بینای نەتەوەیە و ئاتاجی بە ڕاگرتن و پاراستنە؛ کەوابوو ئەو تیسقەوفلاسقەی پێ ناوێ و لەباتیی ئەوانە پێویستە بیر لە پتەوکردن و ڕۆنانی داهاتوو بکرێتەوە. لێرەدایە کە سێ ئەرکی سەرەکی قوت دەبنەوە و بێتوو بخرێنە بواری جێبەجێ‌کردنێوە، مەلی ویستەکانی ئەم کارە باش‌تر لە جاران دەدا لە شەقەی باڵ و هەڵدەفڕێ بەرەوە کەشکەڵانی ئەو خەیاڵانەی وا ڕۆژێک لە ڕۆژەکان، زەندی بۆ هەڵماڵراوە و تەمەن و زەمەنی ژیانی بۆ کراوەتە قۆچی قوربانی. ئەوانیش ئەمانەن:

### ٥-١. پێداچوونەوەی بەردەوام

بەهۆی ڕێژەیی‌بوونی زانست و ڕەهانەبوونی هۆش‌وگۆشی ئادەمیزاد و ئەوەی کە ئێمە وردەوردە دەگەینە ئاستی ڕاستی‌یەکان، بەری بیرمان کەم‌وکوڕیی هەیە و ئەوەش شتێکی سروشتی‌یە و هەر ئەوەشە وا دەکا مرۆڤ بەردەوام لە کەندوکۆی تێگەیشتنی پتر و هەڵوەدای شتی نوێ بێ. لەسەر ئەو بنەمایە، بەسەرداهاتنەوەی بەردەوام دەبێتە هۆی ئەوەی نەمامی ئەم پرۆژەیە باڵا بکا و لق‌وپۆپان باوێتە ئەمبەر و ئەوبەری خۆی.

سۆنگەیەکی دی بۆ ئەم پێداهاتنەوەیە دەگەڕێتەوە سەر تایبەتمەندیی بەرکاری ئەم کارە، واتە بن‌زاری موکری؛ چونکە لەلایەک یەکێک لە بن‌زارە دەوڵەمەندەکانی کوردی‌یە و ئەوەش بە سەرنجێکی سەرپێیی و سەرەتاتکێی ئەو بەرهەمانەی پێی نووسراوە دەردەکەوێ. لەوەش واوەتر، ئەم تایبەتمەندی‌یە لەلایەن گەڕیدە و زمان‌ناسانی غەوارەوە بۆی لە تەختی ئەستۆ دراوە. لێرەدا بەنموونە دەکرێ ئاماژە بە لودیگ ئۆلسن فاسووم بکرێ کە ناوبراو لە پێشەکیی

1. Premodernism
2. Modernism
3. Ethnosymbolism
٤. بۆ باس لە تیۆری‌یە سەرەکی‌یەکانی ناسیۆنالیسم، بڕوانە:
Özkırımlı, Umut (2010). Theories of Nationalism: A Critical Introduction. 2nd Edition. U. k. Palgrave Macmillan.

کتێبەکەی‌دا دوای ئەوەی کە ئاماژە دەکا بە بیروبۆچوونەکان دەربارەی زمانی کوردی و ئاخێزگەکانی و هەروەها ئەوانەی وا چاوی توێژینەوەیان لەسەر ئەم مژارە گیرساندووەتەوە، دێ و لە زاری هۆرنلی[1] کە لە ١٨٣٥ بە ناوچە جۆربەجۆرەکانی کوردستانێ‌دا گەڕاوە، باس لە «گونجاو بوونی بن‌زاری موکری بۆ وەرگێڕانی ئینجیلان و ئەوەی کە ئاخێوەرانی ئەم بن‌زارە جوان لێک تێ دەگەن و بە باشیش ئەوەی بۆیان دەخوێنرێتەوە، فامی دەکەن» دەکات (Fossum, 1919, p.7). یان ئەوەی کە مێجەرسۆن[2] ئاماژە بە «پوخت و پاراوی لە داڕشت و گرامێری ئەو بن‌زارە و پاراستنی شەقڵی کەوناراى» دەکات (Soane, 1914, p.375).

بەدەر لە هۆکاری دەوڵەمەندی و جۆراوجۆریی ئەو بن‌زارەی بووەتە بەرکاری پڕۆژەکە، چ لە بواری داڕشت و سینتاکس و چ لە بواری بازنەی بەرفەرەوانی وشە، دەستەواژە، وشەدووانە، زاراوە، هۆکارێکی تر هەراوبوونی مەیدانی جوگرافیایی ئاخێوەرانێتی، بەجۆرێک کە بێت‌و لاپەڕەکانی مێژووی ئەو ناوچەیە تەنیا لە سەد ساڵی ڕابردوودا هەڵدرێنەوە، دەبینرێ کە ئەو مەڵبەندە لەلایەک دەکەوێتە جیرانێتیی هۆزی «هەرکی»یان لە مەڵبەندی ورمێ و لەلایەکی تریشەوە پەل داوێتە هەوشار و تەختی سولەیمانێ و بە لای باشووریش‌دا لە بەر ماڵی سەقز و بانەی ڕادەوەستێ و لە دیوی کێلەشین و قەندیل و برایم‌جەلالیش ئاوا دەبێ و بۆ لای قەڵادزێ و بیتوێن و پشدەر و باڵەکایەتی خۆی ڕادەنگێوێ. ئەم ڕاستی‌یەش دەگەڕێتەوە سەر ئەوەی کە تا بەر لە دەرکەوتنی دەوڵەت-نەتەوەکان لە سەدەی بیستەم، خێڵاتی ئەو مەڵبەندانە بەردەوام لە گەرمێن و کوێستانێ‌دا بوون، وا بووە کە بەهاران خێڵ هاتووە بەرەو ژوور و بارگەوبنەی لە هەوارەکانی باشووری زەریای ورمێ، واتە موکریان داکوتاوە و پاییزانیش شۆڕ بووەتەوە بەرەو دیوی دەشتی پیرەهەولێرێ. گرینگ‌تر لەوانە، هۆزەکانی ئەو مەڵبەندە بەشێکیان کەوتوونەتە دیوی کوێستانێ و بەشێکی دیکەشیان کەوتوونەتە دیوی گەرمێنێ. «بڵباس» یەک لەو گەورەهۆزانەیە، کە «مەنگوڕ» و «مامەش» و «پیران» وەک سێ تیرە لە پێنج تیرەی ئەو فێدراسیۆنە بە هەردوو دیوی سنووڕێ‌دا بڵاو بوونەوە (ئەحمەد محەمەد، ١٩٨٩، ل.١٥٤). بۆ وێنە، جیا لە مەنگوڕی کوێستانێ، سنووری جوگرافییایی مەنگوڕی گەرمێنێ کە کەوتووەتە چوارچێوەی قەزای پشدەری ئێستا، «لەلای ڕۆژهەڵاتەوە چۆمی ژاراوەیە، لە ڕۆژاواوە چۆمی گاڕفینە، بە لای باشووریش‌دا زێی بچووکە و لە لە باکوورەوە سنوورەکانی هۆزەکە سروشتی شاخاویی زنجیرەچیاکانی جاسووسان، کۆزی بەنکێ، گەلاڵە، مۆڵی گەورە و ساوێن»ە (سەید ئەحمەد، ٢٠١٨، لل. ٧٦-٧٧). هەروەها، وەک دومورگان (١٣٩٦، ص. ٢٥) دەڵێ: «بەشێک لە هۆزەکانی مەڵبەندی پشدەرێ کە پێش‌تر لەژێر حوکمی عوسمانی‌دا بوون بە ڕاوێژی موکری دەدوێن»، کە بەشێک لەو عەشیرەتە کەوتوونەتە دیوی سوێسنایەتی سەردەشتێ و بەشێکی

1. Hornli
2. Ely Banister Soane

تریشیان لە باشووری کوردستانێن. بێجگە لەوانە، یەکێ لە هۆزە گەورەکانی موکری کە گەورکە، جیا لە مەهاباد، بۆکان و ڕەبەت و سەردەشتێ، لە سەقز و بانەش نیشتەجێن و لە بواری بنزار و شێوەڕاوێژ بە موکری حیسابیان بۆ دەکرێ (مامندی، ١٣٩٥). کەوابوو جوگرافییای بنزاری موکری نەک تەنیا بە ئەو چەند شاری باشووری پارێزگای ورمێ نابەسترێتە، بەڵکوو جیا لە بەزاندنی سنوورە ئیدارییەکان، تخوبی نێودەوڵەتیش هەڵدەبوێرێ.

### ٥-٢. پەرەپێدان

جیا لە پێداچوونەوەی بەردەوام لەمەڕ ئەوەی کراوە، پێویستە ـ وێڕای تەواو کردنی ئەوەی هەنووکە لە گەڕدایە ـ پەرە بە مژارەکانی تریش بدرێ؛ چونکە میراتی فۆلکلۆریک مەیدانێکی فرەچەشن و بەربەرینە، کە لە سێ بەشی سەرەکیی فۆلکلۆری زارەکی[1]، فۆلکلۆری ماددی[2] و نەریتی فۆلکلۆریک[3]دا خۆ دەنوێنێ (Sims&Stephens,2011). ئەم بەربڵاوی و ڕەنگاوڕەنگییە میراتی فۆلکلۆری کوردیش دەگرێتەوە و وا نیە کە ئەم ڕاستییە کاڵایەک بێ و تەنیا و تەنیا بە باڵای گەلانی تر بڕا بێ؛ بۆیەیە دەبینرێ کە کورد وەک نەتەوەیەکی دەمی کەوناران، سامانێکی زۆروزەوەندی هەر لە بەشە ماتریال و مەعنەوییەکەیڕا هەیە بگرە تا دەگاتە بەشی زمانییەکەی. تەنانەت لە واری زارەکیشەوە فۆلکلۆری کوردی مەیدانێکی بەمەودایە کە بەسەر چەندین بەش و بنبەشدا پۆلێن دەکرێ وەکوو: ئەلف. پەخشان (ئەفسانەی جادووگەر، ئەفسانەی سەرگوزەشتە، ئەفسانەی ژیان و نوکتە، گێڕانەوە و شین و لاوانەوە و هتد)، ب. شێعر (داستانی قارەمانی و دڵداری، گۆرانی[4]، دووبەیت، چوارین، پێنج بەیت و ج. هەمەڕەنگ (مەتەڵ، پەند[5]، فۆلکلۆری منداڵان[6]، دابونەریت[7]، نواندن و سێحروجادوو)[8] (ڕەسووڵ، ١٩٩٧، لل. ١٤-١٥). کەوابوو بەربەرینی و بێپەرژینیی گۆڕەپانی میراتی پێشینان باری پڕۆژەکە قورس و ئەرکی دانەرەکەی زۆرتر دەکا و دەخوازێ جیا لەو بوارانەی وا مەیدانداریان تێدا کراوە، مژارەکانی دیکەش سەرەنجێکیان بدرێتێ.

---

1. Verbal Folklore
2. Material Folklore
3. Customary Folklore

٤. گۆرانیی فۆلکلۆری سێ بنبەشی سەرەکیی هەیە کە ئەوانیش بریتین لە: ١. گۆرانیی کار کردن (گۆرانیی کار وەکوو گۆرانیی دروێنە، ڕاو، ساوەرکوتان، خەرمانهەڵگرتن، دەستاڕ لێ کردن، مانگادۆشین، مەشکە ژاندن)، ٢. گۆرانیی بۆنە (شایی و هەڵپەڕکێ، گۆرانیی ئایینی، شین و لاوانەوە، و هتد) ٣. گۆرانیی ڕۆژانە (گۆرانی منداڵان و گەوران، لایەلایە، دڵداری و هتد).

٥. پەندی پێشینان و قسەی نەستەق.

٦. یاری، ژمارە بە شێعر و تەتەڵەی زمان.

٧. ژیان، ساڵنامە و خوو و ڕەوشت.

٨. باوەڕکرد، دەستگرتنەوە، چاوی پیس، سیحر بۆ بردنی شتومەک.

### ٥-٣. خۆ گونجاندن دەگەڵ تەکنەلۆژییای سەردەم

بەپێی ئەو گۆڕانکارییانەی لە مێژوودا ڕوویان داوە، هەر دەگەڵ هاتنی دەستگای چاپ و دابڕان لە جیهانی زارەکی و داهاتنی جیهانی نووسراوەوە، بگرە تا دەگاتە ئەوەی ئەمڕۆکە تەکنەلۆژییای نوێ بەدیهێناوە، بێتو مرۆڤ خۆی دەگەڵ نەگونجێنێ، ئەوا یا لە ڕەوتی ڕۆژ دوا دەکەوێ، یا بۆ هەتاهەتایە لێ دەکەوێ. جا کەوا بوو پڕۆژەی پایانیانیش (بە هەر دوو ڕەهەندی خۆیەوە) بۆ دەردەستکردنی ئامانجەکانی، دەبێ مێتۆدی نوێ بخاتە کار، کە یەک لەوان خۆ ڕێکخستن و خۆگونجاندنە دەگەڵ تەکنەلۆژییای زانیاری و پێوەندییەکان.[1] بۆ نموونە، بۆ ئەوەی خەڵکێکی زۆرتر دەستیان وێی ڕابگا، پێویستە نوسخەی دیجیتاڵی ئەو کارە ئامادە بکرێ و بچێتە سەر هێڵ و بخرێتە قاڵبی ئاپەوە؛ چونکە بەو کارە فەرهەنگی زارەکی و باقیی پڕۆژەکە چیی تر لە قەپێڵکی قەتیسماوی کتێباندا نامێننەوە و سنوورەکان دەبەزێنن و دەبنە بەشێک لە ژیانی ڕۆژانەی خەڵک و لەم ڕووە شوێنپەنجە و جێدەستیان دیارتر و زیاتر دەبێ. کە شۆپ و شوێنەواری پتر بوو، ئەوا سروشتییە کە بەشێکی زۆرتر لە ئاواتەکانی ئەم پڕۆژەیە دەستەبەر دەبێ؛ بۆیە بێتو ئەم پڕۆژەیە زنجیری نەریتی کتێب بپسێنێ و خۆی بخاتە واری تەکنۆلۆژییای سەردەم، دەبێتە یەکەم پڕۆژەی فۆلکلۆریکی دیجیتاڵی لە مێژوویی چاندی کوردیدا و زیاتر لەوەی کە هەیە هەرمانتر دەمێنێتەوە.

### ٦. دواوتە

لە دوادواییدا، دەبێ بڵێین کە لەم چەشنە پڕۆژانە پێویستە بۆ هەموو زار و بنزارەکانی تری کوردی بکرێ و دواجار کۆی ئەو کارانە ببنە هەوێن و ئامیانی مەزنەپڕۆژەی زمانی کوردی لە واتای گشتیی خۆیدا؛ بۆیە ئەگەر ئەمڕۆکە پڕۆژەیەک بۆ میراتی بنزاری موکری لە گەڕدایە، دەبێ کارێکی ئەوهاش بۆ میراتی فۆلکلۆریکی هەموو مەڵبەندەکان بێتە کایەوە؛ چونکە هیچ زاراوەیەکی زمانی کوردی لەوانی تر سەرتر نیە و هیچکام لەم زار و بنزارانەش بەتاقیتەنێ ناتوانێ ئانگژای دنیای نوێ و چەمکە نوێباوەکانی هەر چوار سەرچاوە سەرەکییەی زانین، واتە فەلسەفە و زانست و ئایین و هونەر بێتەوە. جیا لەوە، باسکردنی بەدانستەی زار و بنزارێک تەنیا و تەنیا وەک بابەتی ئەکادیمیک و مژاری لێکۆڵینەوە شیاوی بایەخپێدانە، دەنا هەر هەوڵێک بۆ زەقوزۆپکردنەوەی یەکیان و سڕینەوەی ئەوەی تریان نە لە خانەی زانستیدا جێگە دەگرێ و نە دەگەڵ ئەخلاق و ڕەوشت تەباوڕەبایە؛ بۆیە ئێستا کە ئەم پڕۆژەیەش کە هاتووەتە سەر پەڕی کاغەزان، لەمەولاوە مڵکی هەموو کوردێکە و دەبێ بخرێتە خزمەتی بەهێزکردنی زمانی کوردی لە وێنای گشتیی خۆیدا.

---

1. Information and Communications Technology

هەروەها، ئەم کتێب و لێکۆڵینەوانەی وا دەربارەی میراتی فۆلکلۆریکی دەکرێن، وێڕای ئەوەی کە مرۆڤ بە ڕابردووە دەبەستنەوە، دەبێ ببنە هۆی ڕاچڵەکاندنیشی؛ ڕاچڵەکاندێک کە لە هەڵێنجانی واتای ڕابردوو لە پێوەندیی دەگەڵ ژیانی ئەمڕۆ و داهاتوومانردا خۆی دەردەخا؛ چونکە فۆلکلۆر بەر لەوەی بابەتێکی ئۆبژێکتیو وپێوەندیدار بە فام و زانستی ماددیی مرۆڤەوە بێ، مژارێکی مانایی و گرێدراوی ژیار و شارستانییەت و گۆشەنیگای دەروونی مرۆڤە؛ بۆیە ئەوانەی کە بە چاویلکەی ئۆبژە و بەرکارێکی ئەنتیکەوە سەیری ئەم مژارە دەکەن و هیچ واتا و مەعنایەکی لێ هەڵناکرێنن، بە دەستی خۆیان سێ بەردان بە سەر هەرسێک قۆناخی ڕابردوو، ئەمڕۆ و داهاتووی نەتەوەیەکدا ڕایەڵ دەکەن؛ کەوابوو ئەو بەرهەمانە دەبێ بەر لە هەر شتێک، ببنە هۆی بەرجەوەندکردنی سات و سووری سەردەم و ڕامان و ڕاوێچکەدان لەنێو کۆلانە پڕپێچوقەمچەکانی بیر و هزر بۆ تێبینی و ڕێبینیی ڕۆژ و دواڕۆژ و ڕۆنانی داهاتوو.

# سەرچاوەکان

## کوردی


- احمد محمد، محمود (١٩٨٩). مێژووی هۆزی بڵباس. بەرگی یەکەم. سلێمانی:چاپخانەی تاڤگە.
- جیاووک، معروف (١٩٣٨). هەزار بێژ و پەند. بەغدا: چاپخانەی نجاح.
- حاجی مارف، ئەورەحمان (١٩٧٩). با ڕێزی لێ کۆڵینەوەی زانستی بگرین؛ بەشی دووەم. ڕۆشنبیری نوێ. (٧٣)، ٢٩-١٩.
- ڕەسووڵ، شوکریە (١٩٩٧). ڕێوڕەسمی شین و لاوانەوەی کوردی. هەولێر: اوفیست کریستال.
- سەید ئەحمەد، ئاوات (٢٠١٨). هۆزی مەنگوڕ ١٩٤٦-١٨٨٠. مەهاباد: چاپەمەنیی سەبا.
- عومەر، ئیبراهیم عەزیز (پەتی) (٢٠١٨). فۆلکلۆرپەروەران دەدوێن. سلێمانی: ئەنستیتۆی کەلەپووری کورد.
- فەیزیزادە، تەها (١٣٦٤). نۆبەرە؛ گەڵاڵەیەک بۆ قاموسێکی زاراوەیی. تاران: سروش.
- قزاز، ڕەمزی (١٩٧١). بزووتنەوەی سیاسی و ڕۆشنبیریی کورد لە کۆتایی چەرخی نۆزدەهەمەوە تا ناوەڕاستی چەرخی بیست. سلێمانی: چاپخانەی ژین.
- کۆیی، حاجی قادر (٢٠٠٧). دیوانی حاجی قادری کۆیی. لێکۆڵینەوە و لێکدانەوەی سەردار حەمید میران و کەریم مستەفا شارەزا. چاپی نوێ. سنە: شارەکتێبی میدیا.
- محەممەد، مەسعوود (١٩٧٤). پێشەکی. لە: بەرکوتێکی خەرمانی کوردناسی لە ئوروپا. بەغدا: چاپخانەی کۆڕی زانیاریی کورد.
- مستەفا ڕەسووڵ، عیزەدین (١٩٨٠). شێعری کوردی؛ ژیان و بەرهەمی شاعیرانی بەشی یەکەم؛ فەقێی تەیران، عەلی بەردەشانی و بەختیار زیوەر. بەغدا: چاپخانەی الحوادث.
- مەلا عەزەت، مەحموود (٢٠١١). جەمهووریەتی کوردستان؛ لێکۆڵینەوەیەکی مێژوویی و سیاسییە. سلێمانی: سەردەم.
- وردی، محمد توفیق (١٩٦١). فۆلکلۆری کوردی؛ بەشی یەکەم. بەغدا: چاپخانەی دارالتضامن.
- هەروری، سەلاح محەممەد سەلیم (٢٠٠٥). عەبدولڕەزاق بەدرخان؛ ژیان، تێکەلیێن سیاسی، خەباتا چاندی. سلێمانی: بنکەی ژین.
- هێمن (١٩٧٥). پێشەکی. لە: تحفە مظفریە. بەشی یەکەم. بەغدا: کۆڕی زانیاریی کورد.


## Kurdî


- Azîzan, herokol (1942). Zilamek û Zimanek. Hawar (10), 40. 5-6.
- Bedirxan, celadet alî (1933). Heyîneke Yeksalî. Hawar (1) 20. 3-5.
- Harûtyûnyan (2010). Emekdarê zargotina kurdayî mezin. li: Bîranînên Min. Amadekirin Firîda Hecî Cewarî Yêrêvan: Weşanxana Lîmûş.
- Hawar (1932). Armanc, awayê xebat û nivîsandina hawarê, (1),1.1.
- Hawar (1941). Stûna xwendewanan. (9) 29. 10-11.
- Omer, Heyder (2018). Kurtedîroka wêjeya folklore kurdî.
- Pertev, Ramazan (2017). Celadet Alî Bedir-Xan Danerê Termînolojiya (Zaravenasıya) Folklora Kurdî. The Journal of Mesopotamian Studies, (2), 1. 17-31.
- Pertev, Ramazan (2018). Folklor û Nasnameya Kurdî ya Neteweyî (1898-1946). Çapa Yekem. Stembol: Avesta.
- Rohat (1994). Di folklore kurdî de serdestiyeke jinan. Çapa Yekem. Weşanên nûdem.

### فارسی

- دومورگان، ژاک (۱۳۹٦). مطالعات زبان‌شناختی گویش‌ها در زبان کُردی.سقز: بیریار.
- مامندی، سعید (۱۳۹۵). ایل گورگ. مهاباد: نشر هیوا.

### عربی

- عُمر، حَیدر (۲۰۱۸). ادب الفولکلور الکردی؛ دَرَاسة. إسطنبول: دار النشر خانی.
- عزالدين مصطفى رسول (۲۰۱۰). الواقعية في الأدب الكردي. أربيل: دار النشر ئاراس.

### English

- Allison, Christina (2010). Kurdish oral literature. In: oral literature of Iranian language. edit by Philip G. Kreyenbroek & Ulrich Marzolph. USA: Columbia university, center for Iranian studies.
- Baycroft, Timothy, Hopkin, David (2012). Folklore and Nationalism in Europe During the Long Nineteenth Century. Boston: Brill.
- Berlin, Isaiah (1980). Vico and Herder. London: Chatto & Windus
- Blau, J (2010). written Kurdish literature. In: oral literature of Iranian language. edit by Philip G. Kreyenbroek & Ulrich Marzolph. USA: Columbia university, center for Iranian studies.
- Fossum, L.O (1919). A Practical Kurdish Grammar. Minneapolis: Augsburg Publishing House.
- Hassanpour, Amir (1992). Nationalism and Language in Kurdistan, 1918-1985. San Francisco: Mellen Research University Press.
- Keskin, Necat & Abdurrahim, Özmen (2018). Jaba, Bazidî, and the Ethnography of Kurds in the 18-19th Century. International Journal of Kurdish Studies.pp.70-86.
- Oring, Elliot (1986). Folk Groups and Folklore Genres: An Introduction. University Press of Colorado, Utah State University Press.
- Pertev, Ramazan (2018). Folklore as Forging a Means for Kurdish National Identity. International Journal of Communication Research, (8), 3. pp.213-217.
- Sims, Martha, Stephens, Martine (2012). Living Folklore: An Introduction to the Study of People and Their Traditions. Logan, Utah: Utah State University
- Soane, Ely Banister (1914). To Mesopotamia and Kurdistan in disguise: with historical notices of the Kurdish tribes and the Chaldeans of Kurdistan. Boston: Small, Maynard.
- Wilson, William A (1973). Herder, Folklore and Romantic Nationalism. Journal of popular culture, (6), 107-123.
- Yuksel, Metin (2014). A Transnational Encounter in Kurdish Studies: the Casme Calil Kurdish Library in Vienna. In: Wiener Jahrbuch für Kurdische Studien, Wiener Verlag für Sozialforschung, pp.296-312.